ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری‌و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
هاوکاری له‌به‌ره‌ی جه‌نگ له فه‌بله‌قی دوو ل ٩
چالاکی نوێ‌و چاپکراوی دەزگاکانمان ل ١٢

چوار شه‌مه‌ ١٩٨٥/٩/٢٥ ژماره‌ ٨٠٧ | ١٢ لاپه‌ڕه | به‌ ٥٠ فلسه | الاربعاء ١٩٨٥/٩/٢٥ العدد ٨٠٧

سه‌رکرده: راگرتنی شه‌ڕیاله ناوبردنیان

به‌بێ سه‌رەك صدام حسین نیشانه‌ی رافده‌ین و مه‌دالیای ئازایه‌تی به ده‌سته‌یه‌ك هه‌ڵوده‌به‌خشێ

له به‌رەنگاربوونه‌وه‌ی فراوانه‌وه بۆ سه‌رکه‌وتنی ته‌واو

٧٣ هه‌ڵمه‌تی ئاسمانی له‌که‌رتی باکوور

جه‌نگاوه‌رانی قادسیه‌ی صدامی پیرۆز، له یادی پێنجه‌م ساڵه‌ی به‌رەنگاربوونه‌وه‌ی ده‌ستدرێژی‌و چاوچنۆکی رژێمی ئێرانی‌داخ له‌دڵدا که ڕێکه‌وتنی سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌ی کرد، به‌هێمه‌تی مه‌ردانه‌یان توانیان داستانی زیاتری سه‌رکه‌وتن تۆمار بکه‌ن‌و له به‌رەنگاربوونه‌وه‌ی فراوانه‌وه به‌ره‌و سه‌رکه‌وتنی ته‌واوه‌تی بچن.

له که‌رتی باکوور، فه‌بله‌قی پێنجه‌م که هه‌فته‌ی رابوورد‌و داستانێکی گه‌وره‌ی سه‌رکه‌وتنی تیا به‌دی هات له لێدان‌و ته‌فروتوناکردنی هێزه‌کانی دوژمندا تا ئیستاش جه‌نگاوه‌ره مه‌رده‌کانمان پاشماوه‌کانیان راوده‌نێن‌و ئه‌و چه‌کو جبه‌خانانه کۆده‌که‌نه‌وه که له پاش خۆیان به‌جێیان هێشتوه، جا بۆ ئه‌وه‌ی به‌ته‌واوی جموجوڵی دوژمنی داغ‌له‌دڵ له‌و ناوچه‌یه بنه‌بڕ بکرێ سه‌لۆ به‌واناکانمان له‌یه‌ك ڕۆژدا ٧٣ هه‌لمه‌تی دلێرانه‌یان برده سه‌ر بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن به‌رامبه‌ر به هێزه‌کانمان‌و له هه‌لمه‌تێکی کوت‌و پڕو سه‌رکه‌وتوشدا توانیان ٤٠٠ له هێزه‌کانی دوژمن بکوژن‌و ژماره‌یه‌کی زۆر بریندار بکه‌ن‌و چه‌ندانیان لێ به‌دیل بگرن.

له‌م هه‌فته‌یه‌داو به‌ته‌واوی له ڕۆژی یادی پێنجه‌م ساڵه‌ی به‌رەنگاربوونه‌وه‌ی دوژمندا دوو فرۆکه‌وانی ئێرانی به‌خۆیان فرۆکه‌کانیانه‌وه خۆیان دا به‌ده‌ست هێزه‌کانمانه‌وه‌و به‌سه‌لامه‌تی گه‌یه‌نرانه هێڵه‌کانی دواوه‌ی جه‌نگ. ئه‌مه سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش دیارده‌ی ڕاکردنی ئه‌ری مه‌ده‌نی‌و عه‌سکه‌ری له ریزه‌کانی دوژمن‌و به‌ناهێنانیان بۆلای هێزه‌کانمان به‌رده‌وام بوه.

له‌م ڕۆژانه‌دا دوژمنی چاره‌ڕه‌ش ته‌قه‌للایه‌کی سه‌رنه‌که‌وتوانه‌ی دا بۆ په‌لامار بردن له که‌رتی ناوه‌راست، به‌ڵام وه‌ك هه‌موو جارێ جه‌نگاوه‌ره دلێره‌کانمان مه‌ردانه لێیان هاتنه ده‌ست‌و سه‌رنکوتیان کردنه‌وه‌و به‌سه‌ر شۆڕی رایان کرد.

له هه‌موو به‌ره‌کانی تری جه‌نگ ده‌وریه ئازاکانمان به‌رده‌وام بوون له لێدانی دوژمن‌و بنکه نۆبه‌کانمان ئاگربارانی سه‌نگه‌رو مۆڵگاکانی دوژمنیان کرده‌و زیانی سه‌رومالی زۆری پێ‌گه‌یاندون.

ڕۆژێك شه‌مه‌ی رابوورد‌و به‌ڕێز سه‌رۆك موهیب روکن صدام حسین فه‌رمانده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان نیشانه‌ی رافدین‌و مه‌دالیای ئازایه‌تی به‌خشی به ده‌سته‌یه‌ك له هه‌ڵوکانمان وه‌ك ڕێز به‌رامبه‌ر پاڵه‌وانیه‌تییان له به‌رگری کردن له عیراق‌و شه‌را فه‌تمه‌ندی‌و ئاسایشی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب. هه‌روه‌ها به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌نازناوی پاڵه‌وانی قادسیه‌ی به‌خشی به رائدی فرۆکه‌وان عبدالسلام سعید حسین‌ورائدی فرۆکه‌وان محمود جاسم محمد به‌رامبه‌ر ئه‌و کاره پاڵه‌وانانه‌یه‌ی وای کرد هێزی چه‌کدارمان له باری جه‌نگدا توانای سه‌رکه‌وتنی ته‌واوی هه‌بێ به‌سه‌ر دوژمندا.

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده دووپاتی کرده‌وه که جه‌نگ دو به‌ره‌یه‌کی هه‌ر لایه‌ك پشتی پێده‌به‌ستی که سوود له‌و هه‌لانه وه‌رناگرن دو ده‌سته‌لاتی به‌رامبه‌ر ده‌یه‌وێ هه‌ڵوێستی ڕاست پشت به‌خۆا هه‌موو ئه‌لقه به‌یه‌کن‌و ئه‌و بنه‌ره‌ته‌ی هه‌ر بێ حه‌قه‌و زۆر هه‌ڵمان به زیندوه‌کانی ئابوری‌یانو حوکمڕاکانی ئێران‌داو کاتێ هه‌موو ئه‌لقه زانستی‌یه‌کانی تریان تێکده‌شکێنن.

هه‌روه‌ها به‌ڕێزی وتی: ئه‌گه‌ر حوکمڕاکانی ئێران به‌ته‌نگ ئه‌وه‌وه‌ن ئه‌وه‌ی له ئه‌لقه‌کانی زانستی‌و ئابوری ماوبانه بیپارێزن له سه‌ریانه سوود له‌هه‌ل وه‌رگرن‌و موافقه‌ت بکه‌ن له‌سه‌ر وه‌ستاندنی شه‌ر ئه‌گینا وێرانکاری ته‌واوه‌تی به‌سه‌ر پایه‌کانیاندا دێ که یارمه‌تی مانه‌وه‌یان نه‌داو وای کرده تا ئیستا چه‌کیان به‌ده‌سته‌وه‌بێ‌و به‌رده‌وام بن له‌شه‌ڕ.

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده دووپاتی کرده‌وه که هه‌موو عیراقیه‌ك له‌وپه‌ری باکوور بۆ ئه‌وپه‌ری باشوورو ئه‌وپه‌ری ڕۆژهه‌ڵات‌و ئه‌وپه‌ری ڕۆژئاوا وای لێ‌هاتووه هه‌ست ده‌کات که شه‌رمه‌فه‌ندی‌و ژیانی نییه‌و ئاسایشی‌نابێ ئه‌گه‌ر به‌و جۆره‌ی پێویسته نه‌جه‌نگێ.

ده‌قی وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له ل ٣ دایه

عێراق پشتی پێنج ساڵان شه‌ڕی

به‌ڵێ ئه‌ف ڕۆژه بون ... به‌ری پێنج ساڵا میرخاسیت عیراقێ هه‌موك ل‌خۆدای‌و ده‌ست دایه چه‌کی‌و زۆردار داینه پاش ژ وه‌لاتێ خو، پشتی کو چو ڕێك نه‌ماین و ئه‌م نه‌چارکرین ڤێ ڕێکێ بگرین دگه‌ل ده‌سته‌کا زۆردار و مه‌ژی هوشك ل ئیرانێ ... چونکی دیار بۆ کو یا وان دڤیت ده‌سته‌سه‌ریه ... و به‌رفره‌هی‌یه داکو هزرو بیرێت خو به‌لاڤه‌کمن ... به‌ڵێ وه‌لاتێ مه پێنگافا ئێکێ بۆ ... ژ ته‌ڤنێ وان ... و ل‌وێ هزرێ بون کو میله‌تێ عیراقێ گه‌له‌ك بساناهی دێ هێته ژێرده‌ست کرن .. ئه‌ف چه‌نده بۆ هه‌می میله‌تێت جیهانی خویا بۆ بدرێژاهیا ڤان پێنج ساڵیت بوری ...

دوژمنی هه‌می بارو بۆر بکار ئینیانه ... و هه‌می فندو فێل ل ته‌فنی داینه ... به‌ڵێ وه‌ك مه‌ته‌ل دبێژێت:

« جانگێ وان بوف ریس » چونکه میله‌تێ عیراقی وه‌لاتێ خو دپاریزێت ... و وه‌لات خوشتڤی‌یه ...

و میله‌ته‌ك ئاشتی‌خوازه و خێرخازه بۆ هه‌می میله‌تێت ده‌وروبه‌ری ... هه‌ر وه‌ك ل ڕۆژا ڤه‌لات و بالکه‌هێت شاهنشاهی‌ێ روخیاین ل‌سه‌ر ده‌ستێ میله‌تێت ئیرانێ .. عیراق لبه‌راهیکا هه‌میا بۆ پیروزباهی ل میله‌تێت ئیرانێ داین و دارخوازا سه‌ربه‌ستی‌ێ بۆ وان کری ...

به‌ڵێ هه‌یامه‌ك بۆری سه‌رو نیشانێت دوژمنایه‌تی‌ێو ده‌ستگێشانێ دیار بون ... ل‌سه‌ر وێ هزرێ کو ئه‌ف وه‌لاتێت ده‌وروبه‌ری دساڤانه‌و ده‌سته‌سه‌ر کرنا وان بساناهیه ... به‌ڵێ ده‌ستدا ئاگرێ دلانێ و دوژمنایه‌تی‌ێ هه‌لکرو ڕوژۆژ بۆ ڕۆژێ یا ددڵێ خو دیارکر هه‌تا گه‌هشتیه هندێ کو روون‌و ئاشکراکر ل ڕۆژێت به‌راهیکا هه‌یڤا ئیلونا ١٩٨٠ی ... و بئاشکرا ده‌ستدا زۆرداریا و

بڕوانه ل ٢

گونگره‌ی جیهانی ده‌رباره‌ی به‌دوادا چوونی‌کاری شه‌ڕ له‌سه‌ر ئاشتی جیهان

دوێنێ له شاری ره‌بات کاروباری کۆنگره‌ی جیهانی بۆ به‌دوادا چوونی کاری شه‌ری خه‌لیج له‌سه‌ر ئاشتی و ئاسایشی جیهان ده‌ستی پێکرد‌و سێ ڕۆژ ده‌خایه‌نێ.

له‌م کۆنگره‌یه‌دا زنجیره‌یه‌ك باس به‌رچاو ده‌خرێن په‌یوه‌ندی‌یان به‌و مه‌ترسی‌یانه‌وه هه‌یه له ئه‌نجامی به‌رده‌وامی شه‌ڕی نێوان عیراق‌و ئێراندا دروست ده‌بن‌و کاری‌یان بۆ سه‌ر ئاشتی‌و ئاسایشی ده‌وله‌تان.

هه‌روه‌ها کۆنگره‌که له‌و ئه‌نجامانه ده‌کۆڵێته‌وه که کۆڕی به‌غداد له‌م باره‌یه‌وه پێ‌ی گه‌یشتوه که له‌م دوایه‌دا به‌سترا.

قه‌زافی خۆی شاردۆته‌وه

گۆڤاری لوبوانی هه‌فتانه‌ی فه‌ره‌نسی رای گه‌یاندوه که عقید معمر القذافی له‌م دوایه‌دا باره‌گاکه‌ی خۆی گواستۆته‌وه بۆ خۆاروی لیبیا له ترسی یاخی بوونی عه‌سکه‌ری دژی ئه‌و که له‌وانه‌یه له هه‌رکاتێکا بێ روبات‌و ڕۆژنامه نووس «میرای دوتیل» که وتاره‌که‌ی نووسیوه ده‌ڵی قه‌زافی به‌ته‌واوی تۆقیوه‌و چاوه‌ڕێی هه‌مان چاره‌نووسی سادات ده‌کا له‌به‌ر ئه‌وه له مانگی رابوورد‌وه‌وه خۆی شاردۆته‌وه‌و زۆر به‌ده‌گمه‌ن ده‌رده‌که‌وێ.

هه‌موو دنیا باسی سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌کانمان ده‌کا

ئێران به‌ته‌واوی دۆڕاو خه‌رج مایه‌ پوچ بوو

هه‌موو دام‌و ده‌زگاکانی‌راگه‌یاندنی دنیا بۆ ڕۆژی شه‌شه‌م به‌رده‌وامن له مدح‌کردن‌و پیاهه‌ڵدانی هێزی عه‌سکه‌ری پێشکه‌وتوو به‌توانای عیراق‌و ئه‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌ی له‌ویرانکردنی دوورگه‌ی خه‌رج شاده‌ماری ئابووری ئێرانداب‌ه‌دی‌هێنا.

له پاریس ڕۆژنامه‌ی (لیبراسیون) به‌ناونیشانی گه‌وره نووسیویه‌تی ده‌ڵێ خه‌رج به‌ته‌واوی له کارئه‌وتووه‌و له باسه‌که‌یدا سه‌لاندویه‌تی که عیراقی‌یه‌کان ئازایانه توانیان ویرانکردنی دوورگه‌که به‌جێ بێنن‌و هه‌ر له پاریس ڕۆژنامه‌ی «لۆمۆند» نووسیویه‌تی ده‌ڵێ ئه‌م سه‌رکه‌وتنه گه‌وره‌یه‌ی عیراق سه‌لاندی که ئێران به‌ته‌واوی شه‌ڕی دۆڕاند.

زوربه‌ی دام‌و ده‌زگاکانی راگه‌یاندنی جیهان بایه‌خی گه‌وره‌یان به دووپاته‌کردنه‌وه‌که‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین داوه که ده‌ڵێ عیراق به‌رده‌وام ده‌بێ له لێدانی هه‌موو نیشانه گرنگه‌کانی ماده‌یه‌کی ئێران به‌رده‌وامه له ره‌فزکردنی ته‌قه‌للای ئاشتی.

بڕوانه ل ـ٢

له نامه‌یه‌کدا بۆ دی‌کویلار: کاروباری ئێران مه‌ترسی له ناوچه‌که‌دا زیاد ده‌کا

کوه‌یت ناره‌زایی خۆی ده‌ربڕی وه به‌رامبه‌ر به‌رده‌وامی رژێمی ئێران له پشکێنی‌و ڕێگاگرتن به پاپۆڕه بازرگانی‌یه‌کانی کوه‌یت له ئاوی ده‌وله‌تانداو ئه‌م

بڕوانه ل ٢

نارەزایی به‌رامبه‌ر کاروباری درندانه‌ی رژێمی سوریا

ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فه‌له‌ستین نارەزایی توندی ده‌ربڕی‌وه به‌رامبه‌ر ئه‌و فه‌سابخانه دڕندانه‌ی رژێمی سوریاو به‌کری‌گیراوه‌کانی له شاری طرابسی لوبنان ده‌ستیان داوه‌تێ ڕێکخراوه که بانگی کۆنگره‌ی ئیسلامی‌و وڵاتانی بێ‌لایه‌ن‌و جامعه‌ی عه‌ره‌بی‌و ئازادیخوازانی جیهانی کردوه که به‌زویی کاری بکه‌ن بۆ وه‌ستاندنی ئه‌و کاروباره دڕندانانه‌یه‌ی رژێمی حوێن ڕێژی سوریا له‌و شاره‌دا ده‌یکات.

٥٠٠ به‌ندیخانه‌و مه‌ابه‌ندی سزادان له‌ئێران

رادیوی موجاهیدی خه‌لقی ئێرانی به‌رهه‌لستکار رای گه‌یاند که ژماره‌ی به‌ندیخانه‌کانی رژێمی خومه‌ینی جادووگه‌ر ئیستا له ٥٠٠ به‌ندیخانه‌و بنکه‌ی سزادان زیاتره‌و به‌سه‌ر شاره‌کانی ئێراندا دابه‌شکراون‌و دوا به‌ندیخانه کراوه‌ته‌وه

بڕوانه ل ٢

ئه‌و دوو فرۆکه‌وانه ئێرانی‌یه‌ی په‌نایان هێنایه عیراق

ته‌له‌فزیۆنی به‌غدا له‌م ڕۆژانه‌دا گفتوگۆیه‌کی له‌گه‌ڵ ئه‌و دوو فرۆکه‌وانه ئێرانی‌یه‌دا کرد که به‌خۆیان فرۆکه‌که‌یانه‌وه په‌نایان هێنایه به‌ر عیراقی سه‌ربه‌ستی‌و ئازادی، فرۆکه‌وانه‌کان باسی ئه‌و بارودۆخه ناله‌باره‌یان کرد که گه‌لانی ئێرانی تیا ده‌ژین له‌سایه‌ی زوڵم‌و زۆری ئاخونده‌کانداو بێزاری‌یان به‌رامبه‌ر به به‌رده‌وامی شه‌ڕ.

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ محمد حمزە سلاو لە گیانی نیشتمانپەروەری باڵای جەماوەری گەلی کورد دەکا

ڕۆژی شەممەی ڕابووردوو لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لقی سلێمانی کۆڕێك بۆ بەڕێزان پیاوە ئایینیەکانو لێپرسراوای ڕێکخراوە جەماوەریەکانو ئەنجوومەنی گەلو لێپرسراوانی دامو دەزگا ئیداریو ڕەسمیەکانی پارێزگاکە بەسترا .

هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ڕازگری نووسینگەی باکوورد سلاوی ئاراستەی گیانی نیشتمانپەروەری باڵای جەماوەری گەلی کوردمان کرد کە مەردانە ئامادەبەو پاڵەوانانە بەشداری بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی دەستە گومڕاکەی ئێران دەکا .

لە وتەکەیدا بەخشنە مەزنەکانی جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزی بەرچاو خستو دەستی بۆ سەرکەوتنە گەورەکانی سەربازە مەردەکانی عیراق کێشا لە کەرتی باکوورو کەرتەکانی تری مەیدانەکانی جەنگ .

هەروەها دووپاتی کردەوە کە داستانی پاڵەوانانەی هێزە چەکدارەکانمان یەکێتی پتەوی نیشتمانی عیراقی لە جوانترین وێنەدا دەرخستو یەکگرتنی گەلو سوپاو کۆبوونەوەی هەموویان لە دەوری بەڕێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین .

لە سەرەتای کۆڕەکەدا هاوڕێ ڕازگری حزبی لقی سلێمانی دا تیایدا دووپاتی کردەوە کە عیراقی سەرکەوتو بەسەرکردەو گەلو حزبو هێزە چەکدارە ئازاکانیەوە هەمیشە سەرکەوتوو دەبێو پیلانو دەستدرێژی دوژمنان ناتوانێ ژەخەر بە خاکو گەلو شارستانیەتی عیراق مەزن بەرێ .

کردنەوەی چوارەم کۆنگرەی زانستی دەزگای سەرپەرشتکاری پەککەوتەکانی شەڕ

سەرەتای ئەم هەفتەیە بەڕێز مامۆستا بکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چوارم کونگرەی زانستی دەزگای سەرپەرشتکاری پەککەوتەکانی شەڕی کردەوە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی کونگرەکەدا فریق روکن یاریدەدەری سەرەکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئیداریو لیوای پزیشك راجی عباس الصالح سەرەکی دەزگای سەرپەرشتکاری پەککەوتەکانی جەنگ ئامادەبوون .

کردنەوەی کونگرەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو دوای ئەوە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدامی پیرۆز .

دوای ئەوە بەڕێز مامۆستا بکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وتاریکی خوێندەوە تیایدا دەستی ڕێزی نا لە تەقەللای گەورەی سەرپەرشتکارانی ئامادەکردنی کونگرەکەو وتی: ئەم دیاردە زانستیە بەلگەی زۆر بەسوودی هەیە کە لەگەل یادی بەرەنگا ڕبوونەوەی پاڵەوانانەماندا دژی دەستدرێژی دەستە گومڕاکەی ئێراندا یەك دەگرێتەوە .

دەستیشی بۆ قەوارە باربووی گەورەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش کێشا لە سەرویانەوە بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەم لایەنە گرنگەو بەم بەشەی کۆمەڵ کە لە بەخشندا لەگەل لە هەمووان شکۆدارتردا وەك یەکن .

لە وتارەکەیدا باسی ئەو بریارو دەستکەوتانەی کرد کە زۆرنو وایان کردوە بارو زروفێکی لەبارو ژیانێکی گونجاو بۆ ئەوانە زامن بکەن کە بەگیانیان بەرگریان لە سەربەستیو ئاسایشو ئابروی عیراقی مەزن کرد .

دوای ئەوە سەرەکی دەزگای سەرپەرشتکاری پەککەوتەکانی جەنگ وتەیەکیدا لەسەرەتادا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو هیوای خواست ئەم کونگرەیە ئامانجەکانی بەدی بێنێ .

دوای ئەوە باسی ئەو پیشکەوتنانەی کرد کە دەزگاکە دیونیو وتی : یادی چوارەم ساڵەی دامەزراندنی دەزگاکە دەمانخاتە بەردەم لێپرسینەوەی نوێوە کە راسپاردەو ئامۆژگاریەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەبارەی خزمەتکردنی پەککەوتەکانەوە بەتەواوی راپەڕێنێ .

دوای ئەوە سەرەکی یەکێتی نیشتمانی لاوانو قوتابیانی عیراق وتاری ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خوێندەوە کە تیایدا ئامادەیی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی دووپاتکردەوە بۆ هاوکاری کردن لەگەل دەزگاکەدا .

ناصر جرجیس
ئامادەی کردوە

دەستدرێژی و بەربەرەکانێوە

ـ هیواطە ـ

عیراقی پێشکەوتووی بەتوانا ، زیاتر لە جارێك نیاز پاکی خۆی بەرامبەر بە ئێران دەربڕیوە ئەمەش لە هەڵوێستی عیراق دەردەکەوێ کە سەرکردەی فەرمانده صدام حسین دووپاتی کردۆتەوە ... بەڵام ئەگەر بە مێژووی عیراقو ئێراندابچینەوە ، سەرنج بدەینە ئەو بەڵگەو سەرچاوانەی هەن ، زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئێران هەرلە سەرەتاو نیازی بەرامبەر بە عیراقی کۆنەدەر خراپبووە . چەندان پروتۆکۆل مۆرکراوە لە هەموویاندا پاشگەز بۆتەوە ، یان کەوتۆتە ئاژاوەنانەوە . پاشان لەو جەنگە فەرزکراوەی ئێستادا ، لە سەرەتاوە کەوتە پیلان دانان دژی عیراقو شۆڕشە مەزنەکەی .

دەستدرێژی سەر وولاتە ئازیزەکەمان ، ئەمەش لە ڕێگای تۆپ هاویشتن بۆ سەر ناوچەکانی سنوور ، هەڵوێستی ناپەسەندیان بەرامبەر بە عیراق بە ئاشکرا لەزمانی سەرکردەکانیانەوە دەرکەوت ..

لە کاتێکا کە عیراق پیرۆزبایی لێدەکردو ئەوان بە ڕقو کینەو هەڵوێستی ناپەسەندەوە وەڵامیان دەدایەوە ...

بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕو بەردەوام بوونی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك .

عیراق هەرگیز نەی توانی و ناتوانێت بەرامبەر بە خەونی جادوگەران بێدەنگ بێت کە بریتیە لە داگیرکردنی عیراقو لەناوچوونی دەسکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمموزی ئەمر .

کە سەرکردەی گەل صدام حسین ڕابەری دەکات ،بۆیە بەرپەچی دەستدرێژی ئێرانی دایەوە ، بەڕای هەموو لایەك ئەم بەرپەچ دانەوەیە کارێکی مێژوویی بوو لە پێناو پاراستنی شکۆمەندی عیراق و سەربلندی گەل .

بڕیاری بەرچ دانەوە لە بیروباوەڕی سەرکردەو گەلەوە هەڵقولابوو بۆ ئەوەی سنوورێکی دیار بۆ کاربەدەستە نەزانەکانی ئێراندا بندرێ کە زۆر هەوڵیاندا عیراق بخەنە ژێر رکێفی خۆیان ...بەڵام سەرکردایەتی عیراق لەوان زیرەکترو بەتواناتربوو ...

سوپای عیراق ئەوە پێنج ساڵە بەردەوامە لە بەرپەچ دانەوەی دەستدرێژیە بۆ گەنیەکانی ڕژێمی خومەینی.

دوای پێنج ساڵ زیاتر بە هەمان وورەی پیاوەتیو ئازایەتی دەجەنگێو سنووری خۆشەویستمان لە چنگی ڕژێمی ئێران دەپارێزێ ..

دەستدرێژی و بەربەرەکانێوە

سەروتار ـ پاشماوە

گوندو باژێرێت سەر توخیبی دانە بەر تۆپا ....
هەر چەندە عیراقی بهەمی ڕبکێت ناشتیی داخوازا تەناهیی ژی کر ... بەڵی وان حاکمێت خوێنڕێژ وەسا هزر دکر کو میللەتی عیراقی ژێك تەڕابەڕایەو دەستەسەرکرنا عیراقی بساناهیە ... وقوماندارێا فەدەرە ژمیللەتی ... وسەرو بەری ناقخوین ئالۆزە ... هەر وەك هندەك لایێت دوژمنکار بۆ خۆشکری وبالداین ... و لوی هزری بۆن کو بچیڤن زۆردارین و بهێرشەکی عیراقی خو لبەر وان ناگریت ... بەڵی میللەتی عیراقی بناڤو دەنگە ب مێرخازیێت خۆ ... وخۆ گۆری وەلاتی خو دکەتن ...

هەروەك چەوا لڕۆژا ٢٢ هەیفا ئیلونا ١٩٨٠ی قوماندارێا پارتو شورەشی بریاردایە لەشکەری کو بەرگریا ڤی زۆردارین بکەن ... وددەمی چەند ڕۆژەکادا لەشکەری دوژمنی ڕاتەقاندو شکاندو بناڤ ئاخا دوژمنیڤە چۆن ... داکو بۆ وان دیار بیت عیراق قەلاتەکا ئاسیی بە دوژمنو پیلانێت بیانیا ناگەهنی ....

ئەڤ چەندە بۆ کولەك ددلی حاکمێت خوین ڕێژدا ... و قەجنڤینەك وهزرو بیرێت بەرفرەهیی دا ... و ئەو ڕێكو نەخشێت بخو دەینایین هەمی بۆنە خەون ... و لکەری بەلایی سیار بونو ڕکا خو دا عیراقی چونکە عیراق قوناغا ئێکی بە بۆ قەژینا وانو دەرگەهە بۆ هنارتنا هزرو بیرێت کەفنە پەرێسیی و بەلاڤەکرنا سیاسەتا بەرفرەهییی ل وەلاتی عەرەبی هەمیی دا ... بەڵی پشتی کو دیتی میللەتی عیراقی خو دقوماندارێا خو وەرکر وبونە دەستەك پیلایو مێرخاسیێت عیراقی خو هاڤێتە مەیدانا شەڕیو هەمیا بەرگری ژ وەلاتی خوکر وڤی کاری پیروز ...

و ئەڤ چەندە نەخوش هات لدوژمناو نەل ڤی هزری بون هەر وەك بخو دەینای وەسا نە دەرکەت ... و حاکمێت خوین ڕێژو سەرداچوی ئەڤ ڕێکە گرت داکو خو پێ بپارێزن ... و بەری میللەتێت ئیرانی بدەنە شەڕی ... ودا پشت راست بن ژ هەودانا میللەتێت ئیرانی ... و ئاگاهە ل کاروبارێت ناڤخوین نەمینیت ...

پێنج ساڵێت ڕەبەك بورین حاکمێت ئیرانی هەری گەڤا دکەن ... هێرش ئینایینە سەر وەلاتی مە لهەمی دەمێت ساڵی ل بوهاری و هاڤینی و پاییزی و زڤستانی ... بەڵی هەمی مەیدانێت شەڕی لی بوینە گۆرستان ...

ل هەمی درا خۆ راکێشایە لجهێت ناڤی و دەریایی و ل دەشتاهیا و چیا و چەلختا هەمجار چو ژی نەهاتیە ژبلی شکەستنی و سەرشوریی ... و بهزارەها ژکوڕێت میللەتێت ئیرانی بەری وان دایە ناگری شەڕیو بۆینە قوربانی هزرو بیرێت حاکمێت خوینڕێژ ... و ڕۆژ بۆ ڕۆژی دەنگی نەرازبینی یی بلند دبیت لگوند وباژێرێت ئیرانی ... و ئابوریا وان بەرەڤ کێم و کزی دچیت ...

و تشتی خوارنی قەتلازیە ... و ل عیراقی ئەڤ سالا شەشی دەستپێکر بەڵی ئابوریا عیراقی هەر موکومە یا دهێتە ئاڤاکرن ژلایەکیڤەو بەرگری ژلایەکی دیڤە ... ودی بەردەوام دوربا دانینە دوژمنی هەتاکو ئاگەهە لخو دبیت ... و نەچار دبن بدەنگی راستیی رازی بن و ئەڤ بەردەوام بونا شەڕی بهایی وی دی گەلەکی دەن ... عیراق ل عەردو ئاسمان و دەریای یا سەرکەتیە مێرانی ودەستهەلاتی دیارکر ... ودی هەرا سەرکەتی بیت بئانەهیا خودی ... هندی دوژمن درێژاهیی بدەنە شەڕی ...

هەموودنیا ـ پاشماوە

ڕۆژنامەی «السیاسەی کوەیتی دووپاتی کردۆتەوە کە لێدانە بەهێزەکەی عیراق بۆ دوورگەی خەرج هەموو خەونەکانی ڕژێمی ئێرانی لە گۆڕنا ، هەروەها ڕۆژنامەی «الوطن»ی کوەیتی باسی ئەوەی کردوە کە وریاکردنەوەکەی عیراق بۆ تاران ڕێگایە بۆ دابڕکردنی تەواوی شەڕو لە ئەنجامدا ئێران دۆراو مایەپوچ دەردەچێ .

هەروەها کومپانیای (لویدز) بە ڕەسمی رای گەیاند بەندەری قولو شوێنەکانی نەوت ناردن لە دوورگەی خەرج بەتەواوی وێران بوەو عیراقیەکان سەرکەوتوانە توانیان نیشانەکانیان بپێکنو دوورگەکە بەتەواوی لەکار کەوتووە .

ئاژانسی (ڕویتەر) رای گەیاند کە لە خەلیجەوە بە چاو بینراوە کە دەستوەشاندنە سەرکەوتووەکەی عیراق بەکاربوەو دوورگەی خەرج لە حساب دەرچوو دیسان ڕۆژنامەی «فاینینشال تایمز» نووسیویەتی دەڵی دەستوەشاندنەکەی عیراق کە بوە هۆی وێرانکردنی تەواوی دوورگەکە کارێکی تەواو دیاری کردۆتە سەر نرخی بازاری ئازاد .

ئەمەو هەموو دامو دەزگاکانی راگەیاند لە دنیادا دانیان بەوەدا ناوە کە دوورگەی خەرج ماوەی ئەوەی تیا نەماوە دڵۆپێك نەوتی لیوە بنێردرێتە دەرەوەو هەمووان مدحو ستایشی بەتوانایی عیراقی مەزنیان کردوە .

لەنامەیەکدا ـ پاشماوە

کارەی ڕژێمی ئێرانی بە لادانی ئاشکرا لە هەموو عورفو عاداتی پەیمانەکانی دەولەتان باس کردوە .

جێگری سەرەك وەزیران وەزیری دەرەوەی کوەیت شیخ صباح الاحمد الجابر لە نامەکەیدا لەم بارەیەوە بۆ خافیبر پتویزدی کوبلار دەڵێ ئەم کاروبارە ناپەوایانەی ڕژێمی ئێران مەترسی لەناوچەکەدا زیاتر دەکا .

پەندخیانە ـ پاشماوە

بەندیخانەیەکی گەورەیە لەشاری سنەو لەم بەندیخانانە دا کە سزای دڕندانەی بەرهەڵستکاران دەدرێ ئیستا زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەس کە دژی ڕژێمی گومڕاکانن دیل کراون .

دریب دانانا

خەرج

مختار فائق

داستیەك یاهەی یاخویاو ئاشکەرابۆی بۆ هەمی جیهانێو بۆ هەمیمیللەتان .. کو عیراق دەمێ بڕیارەکێ ددەت .. ئەودفێت وێ بڕیاڕێ بدرستی بجە بینیت .. ئەڤجا دەمێ بڕیارا عیراقێ دەرکەتی بدریبدانانا گزیرتا خەرج .. فرۆکەڤانێت مەیێت چەلەنگو خورتو زیرەك ناڤو دەنگیاخۆ دەرکرن دوان پاڵەوانیێت دەستانیشان کریلرۆژا ١٩ی هەیفا ئەیلولێ..

ڕۆژا هەردوو قادسیا ..وەکو سەرەکێ قوماندار صدام حسین ـ خودێ بهێلیت ـ ناڤ لێنای .. ئو ئەڤ ڕۆژا مێژوویی دێ هەرو هەر ناڤدێر مینیت ددیروکا جەنگا مەیا ڕەوادا .

بەلێ .. ئەڤەبۆ بڕیارا عیراقی ... وئەڤەبۆ بەرسڤا مێرخازێت عیراقی بۆ وێ بریارا مێژوویی .. ئو وەکو سەرەکێ قوماندار صدام حسین گۆتی کو قوماداریێ بڕیارا دای کو دربا دانتە هەر ئارمانجەکا دی بڤێت خو لکیڤە بیت ژئیرانێ ..

چنکو مە گەلەك دەلیڤەو فەرسەت دانە وان و مە گەلەك لبەر وان دانا .. و مەگۆت بەلکو هندەکێت هۆشمەندو ئاقلدار دناڤ واندا هەبن بخۆ ووجێ ژوان فەرسەتان وەرگرن .. لێ دیارە دەستەکا زۆردار لئیرانێ کەسێ وەتۆڤ دناڤ واندا نینە بەرێ خۆ بکەتە پاشەڕۆژا مللەتێت ئیرانی..

ئەڤجا بلا ببینن کا دربێت عیراقی دچەوانن .. ودێ وێرانێ هەر ژبەهرا وان بیت ..هندی ئەو دبەردەوامبن دسیاسەتا بەردەوامبونا شەڕیدا .. ئەو دێ ڕۆژ بۆ ڕۆژێ دربێت دژوارتر ببینن.

هەکە هاتو مرۆڤی بەرێ خۆ کرە هژمارا وان دربێت عیراقیا دانایە ئارمانجێت ئیرانی ، دێ بینیت و دێ بۆ دیاربیت کو هژمارا وان ئارمانجێت مە درب لێداین دڤان دوو هەبڤێت چۆیدا بەرانبەری وان هەمی بۆ پێشوازیا پاپۆرێت نەختێ ..بەلێ بلا ئەو باش بزانن کو ئەو ئارمانجێت وان بێت نەفتێو هەمی ئارمانجێت وانێت ستراتیژی قەت رزگار نابن ژ دەستێ فرۆکەڤانێت مەیێت چەلەنگو ژدەستێ هێزێت مەیێت پاڵەوان .

دڤی شەڕێ دویرو درێژدا عیراقێ دیارکر بۆ هەمی جیهانێ کو عیراق یا سەرکەفتیە ژهەمی لایەکیڤە .. نەکو هەر ژلایێ عەسکەریڤە بەلکو ژلایێ سیاسیو ئابوریژیڤە ..وهەمی لایێت دی .

هەروەسا دیاربۆ دڤی شەڕیدا کو ڕژێما خومەینی چو هێزو شیان تێدا نەمایەو هندی شەڕێ بەردەوام بیت ڕۆژ بۆ ڕۆژێ ئەو هەرێ لاواز دبنو دشکێتو سەرشۆڕیێت وان یێ زێدە دبن ... وبەهرا پترا شیانێت وان بێت عەسکەری و ئابوری یێت پوچ بۆین .

لێ هێزو شیانا مەیا عەسکەری ڕۆژ بۆ ڕۆژێ یا زێدەتر لێ دهێتو مکوم‌تر لێ دهێت دهمی مەبدانو دەلیڤاندا ...

ئو سەرکەفتنێت مە دێ هەرو هەر دبەردەوامبن هندی شەڕ بەردەوام بیت.. وئەم دێ هەر دسەربلندبین لژێر ئالایێ شورەشا ١٧ـ٣٠ تیرمەها پیرۆزو سەرکێشێ کاروانێ مەیێ سەرکەفتی سەرەکێ قوماندار صدام حسین ..

ئارمانجێت دی یێت کو لهەمی سەردەمێ شەڕی مە دربدانایێ ...

ڕەنگە دەستەکا زۆردار لئیرانێ هەول بدەت کو هندە شۆسنیت دی ئافاکەت

Institut kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

لە کاتی بەخشینی نیشانەی رافیدەینو مەدالیای ئازایەتی بە ژمارەیەك لە هەڤۆکانمان

چەند ساڵێ وازمان لە خەرج هێناو نەسووڕاینەوە بەسەریا بەو هیوابەی ئەوە ببینن کە ئەم شتە بەنرخە لە مەترسیدایەو وتمان دەتوانن بەرەو ئاشتی بێن بەڵام کە سەبرمان کرد نەهاتن بەرەو ئاشتی با ئەم شتە بەنرخە وێرانکەین .. ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆژێ یا ساڵێ شۆستەیەك دروستبکەن لە هەر شوێنێکدا بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە هیچ شوێنێ نەماوە دوورترین لێمان لە دەربەندی هورمزەوە تا دوورترین شوێن لە ئێراناو یارمەتیش لە خواوەیەو چونکە ئێمە لەسەر هەقین ئێمە بە تەواوی لەوە دڵنیاین کە لاوان دەتوانن هەموو ئەو نیشانانە وێرانکەن کە بڕیاری وێرانکردنیان بدرێ و لە هەموو نیشانەیەکدا بە شێوەیەکی ئاسایی ولە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستدا کە کاربەدەستانی هێزی ئاسمانی دەیانوت چەند ساڵێ وازمان لە خەرج هێناو نەسووڕاینەوە بەسەریا بەو هیوابەی ئەوە ببینن کە ئەم شتە بەنرخە لە مەترسیدایەو وتمان دەتوانن بەرەو ئاشتی بێن بەڵام کە سەبرمان کرد نەهاتن بەرەو ئاشتی با ئەم شتە بەنرخە وێرانکەین .. ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆژێ یا ساڵێ شۆستەیەك دروستبکەن لە هەر شوێنێکدا بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە هیچ شوێنێ نەماوە دوورترین لێمان لە دەربەندی هورمزەوە تا دوورترین شوێن لە ئێراناو یارمەتیش لە خواوەیەو چونکە ئێمە لەسەر هەقین ئێمە بە تەواوی لەوە دڵنیاین کە لاوان دەتوانن هەموو ئەو نیشانانە وێرانکەن کە بڕیاری وێرانکردنیان بدرێ و لە هەموو نیشانەیەکدا بە شێوەیەکی ئاسایی ولە هەڵسەنگاندنی هێزی ئاسمانی دەیانوت

عێراق ناخرێتە گیرفانی کەس وکەس ناخرێتە گیرفانیەوە

ئەو نەوتەی ماویانە تێریان ناکات

ئێوە دەزانن کە گەلی عێراق نرخی ئەو نیشانانە دەزانێ کە لێتاندان بۆ نموونە کارەبا سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانی ئابووری و زانستی و ژیانی ئاسایی یە چونکە کاتێ کە لە تاریکیدا دەژین لام وایە ئەمە ئەو بارەیە کە شایانی حوکمڕانانی ئێرانە کە تاریکی یان خۆش دەوێ و ڕووناکی یان خۆش ناوێ بەڵام ئەم بارە دەروونی یەیان گیروگرفت پەیدادەکا بۆ گەلانی ئێرانیش چونکە ئینشەڵلا لە تاریکیدا دەژین لە ئەنجامی ئەم لێدانەدا یا لە لێدانە داهاتووەکاندا .. دوورگەی خەرجیش ئەوان و جیهان دەزانن نرخی چەندە .

ئێوە دەزانن حوکمڕانانی ئێران ماوەیەکە بە گەزی گەورە شت دەپێون و ڕەنگە بنیات و ئەقڵیشیان بەم جۆرە بێ چونکە هەمیشە لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە پێش شەڕ درۆ لەگەڵ گەلەکانیانا بکەن و .. لە سەرەتای شەڕەوە ئەوان بە جۆرێکی تێکڕایی قسەدەکەن لەبارەی کاروبارەوە فلان شت نابێ ڕووبدا کەچی پاش هەفتەیەکیش لەو تێکڕایی یانەی کە باسی لێوە دەکەن ڕوودەدا بۆ نموونە دەڵێن عێراقی یەکان هەرگیز ناگەنە دوورگەی خەرج کەچی عێراقی یەکان هاتن و دایشیان لە شۆستەی ڕۆژەڵات و ئێستا بە حوکمڕانانی ئێران دەڵێین و با گوێیان لێی بێ شۆستەی ڕۆژاوا دەبوو هەر لە یەکەم لێدانەوە وێران بکرێ بەڵام ئەو فرمانەی کە لای فرۆکەوانەکان هەبوو هەڵەیەکی تیا ڕوودا کە بڕێتی بوو لەوەی ئەگەر کەشتی یەکی نەوتبەرتان بینی لەنگەری گرتبوو لای شۆستەکە لە پێشدا لەو بدەن و لە یەکەم لێداندا لە کەشتی یە نەوتبەرەکە درا کە لای شۆستەی ڕۆژاوادا لەنگەری گرتبووو کە ڕایان کێشا بە گرگرتوویی شۆستەی ڕۆژاوا لە وێران بوون ڕزگاری بوو بەڵام ئەم جارەیان وتمان بە لاوەکان واز لە کەشتی یەکە بێنن و لەم شوێنەدا لێی بدەن و چوون بۆ هەمان شوێن ئەوەی بڕیاربوو ئەوەبوو کە شۆستەکە وێرانکرێ وەك چۆن شۆستەی ڕۆژەڵات وێران کرا بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەم جارە شۆستەکە نەك هەر یەکی کەوت لە بۆدەرەوەناردن بەڵکو ئاگر هات بە سەریاو کەلکی کاری پێوە نەما .

ئەو نەوتەیشیان کە ماویانە بە قەدەر « بستەیەك » تێریان ناکا یانی ئەو نەوتەی لە کێڵگەکانی تردا لە شوێنە بچووکەکانا ماویانە بە قەدەر نانێ تێریان ناکا .

دوو ویستی بەرامبەر یەك

سەرکردایەتی نیازی وایە بە یارمەتی خوا لە هەموو نیشانەیەکی گرنگ بدا لە هەر شوێنێکدا بێ لە ئێرانا .. ئێمە بە سەبرین و چاوەڕێ دەکەین و هەل بە دوژمن دەدەین و پێی دەڵێین شەڕ بڕێتی نیە لەوەی کە دەستو دایەرە کۆبکەنەوە بەو جۆرەی کە دەیزانن و ئێمە دەزانین چۆن دەستو دایەرەکانیان کۆدەکردەوە بە فێڵ و فرو بەرتیل پێش ئەوە حوکم بگرنە دەست بەڵام شەڕ شتێکی ترەو بڕێتی یە لە دوو ویستی بەرامبەر یەك و ئەو بناغەیەی کە هەر لایەك پشتی پێ دەبەستێ کاتێ کە بیەوێ هەڵوێستەکەی ڕاستبێ هەقەو ئێمەیش هەڵمان دا بە حوکمڕانانی ئێران بەڵام ئەگەر سوود لە هەل وەرنەگرن بە یارمەتی خوا هەموو ئەلقە گرنگەکانی ئابووری یان و هەموو ئەلقە زانستی یەکانی تریان تێك دەشکێنین و لامو ایە ئەوان دەزانن و جیهانیش دەزانێ کە هیچ خاڵو شوێنێ نەماوە لە ئێرانا ئەگەر عێراقی یەکان بڕیاری ئەوە بدەن بیگەنێ نەك هەر دەیگەنێ بەڵکو دەیشیگەنێ و ڕاستەوڕاستیش لێی دەدەن .

هەندێ نموونەیشمان دانێ لەم دوو مانگەدا بۆ ئەوەی لەم ڕاستی یە دڵنیا ببن و ئەگەر مانەوەی ئەلقە زانستی و ئابووری یەکانی تری ئێران مەبەستیان بێ پێویستە لەسەریان سوود لەم هەلە وەرگرن بەڵام ئەوان بە تەنگی خوێنەوە نین و وا دیارە خەلکێکی زیادەیان لابێ بە جۆرێکی وا بیانەوێ بە هۆی شەڕەوە ڕزگاریان بێ لێیان و ئەگەر سوودیان لەم هەلە وەرنەگرت و ڕازی نەبوون بە ڕاوەستاندنی شەڕ بە یارمەتی خوا ئەو بنەڕەتە سەرەکی یانەی کە یارمەتی یان دەدا لەسەر ئەوەی تا ئێستا چەکیان هەڵگرتبێ و بەردەوامبن لەسەر شەڕ بێ بیانوو ، دووچاری وێرانی دەبن .

ئەو پیاوانەی لەبەردەممانان دەڵێن پێمان کاتێ کە هەڵبژێرران و هەندێ هاوڕێی تریان لە چەکدا ئەوانەی کە ئیحتیاتن هەڵنەبژێران هەندێکیان دەگریان لەبەر ئەوەی هەڵنەبژێراون بۆ ئەم ئەرکە ئائەم گیانە ناشێ بەیدابێ هەر لەبەر ئەوەی کە عێراقی یەکان چەکیان هەیە بەڵکو هۆی سەرەکی ی ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو عێراقی یەك لەسەری سەرەوە تا خواری خوارەوە لەو پەڕی ڕۆژاواوە تا ئەم پەڕی ڕۆژەڵات وای لێ هاتووە وا هەستدەکا کە نە شەرەفی هەیە نە ژیان نە ئاسایش ئەگەر نەچێتە شەڕەوە بەو شێوەیەی کە بێویستە لەبەر ئەوە دەبێ برایانتان لە زەوی و دەریاو ئاسمانا پێش بڕکی دەکەن بۆ ئەوەی تەمەنی شەڕ کورت کەنەوە بەوەی کە بەجێ هێنانیان باش بێ لە شەڕداو سوپاس بۆ خوا .

شوێن نیە لە ئێرانا لە دەستمان دووربێ

ئەو نیشانانەی لەماوەی دوو مانگدا لەلایەن هێزی ئاسمانی یەوە لێدران بە قەدەر هەمووی ئەو نیشانانەن کە لە هەموو ماوەی شەڕدا لێیان دراوە لە ئێرانا .

ڕێژەی زیانمان ئەوەندە دەبێ .

جارێکیان ڕاپۆرتێکم لە فەرماندەی هێزی ئاسمانی یەوە بۆ هات ڕێژەی زیانی دەست نیشان دەکرد لام کردەوە بەلای سکرتێرداو وتم پێی لاوەکان ئینشەڵلا بێ زیان دەگەڕێنەوە چونکە ئێمە ئەوە دەزانین ئەوان چی یان هەیەو ئێمە چیمان هەیەو لە هەموو شتێکیش گرنگتر ئەوەیە ئەوان دەشکێن .

ڕاستە ڕێژەی نەخوێندەواری لای گەلانی ئێران بەرزەو ڕاستە هەندێ ئیعتیباراتی تریش هەیە وایان لێ دەکا دوابکەون لە دۆزینەوەی ڕاستیدا بەڵام گەل هەر وێڵو کەماڵێکی هەیە لە ڕاهێنان و ئەو خوێنانەدا کە هەموو ڕۆژێ دەیانبینێ دەڕژێن و لەو ڕاگەیاندنە جیهانی یەدا کە دەیبینن و لەو ڕاستی یانەدا کە لە بەرەدا دەیانبینن هەموو ئەمانە وایان لە زۆربەی زۆری ئێرانی یەکان کردووە بڵێن کە هیوابان بەم ڕێگایە نیە بەلای کەمەوە هەتاکو ئەوانەیشیان کە ئاواتی ئەوە دەخوازن کە سبەینێ عێراق بخەنە گیرفانیانەوە بەڵام عێراق ناخرێتە گیرفانی کەسەوە .

عێراق ناخرێتە گیرفانی کەسەوە

ئەو عێراقەی کە جیهانی فێری شارستانی کردو یەکەم شوێن بوو کە فێری خوێندن و نووسینیان بکاو فێری کردن و فێری کردن و فێری کردن ئابا ڕێی تێدەچێ ئێستا بخرێتە گیرفانی کەسەوە .

عێراق نابەوێ کەس بخاتە گیرفانیەوە بەڵام ئەویش ناخرێتە گیرفانی کەسەوە .. نەتەوەی عەرەب خەلکی فێرکرد لە کاتێکدا هەندێکیان لە سەدەی ناوەڕاستەکاندا دەژیان لە خراپترین باری بەهاو ڕەوشت و زانست و بەهای شارستانی و مرۆڤایەتی و بەهای ئاسماندا ئابا ڕێی تێ دەچێ ئەم نەتەوەیە بچووك بێتەوە لەبەردەم داواکاری پووچ و مێشکی بەردینی وەك ئەو مێشکانەدا کە لە ئێراندان ئەمە هەرگیز ڕوونادا .

هەندێ لە بێ هێزو خایەنەکان لە جیهانی عەرەبدا تەماعیان خستە بەریان و وایان خستە خەیاڵیانەوە بەڵام بەوانو بە هەموو یەکێ لەوانە دەڵێین کە وەستاون لە پشتیانەوە یا لای ڕاستیانەوە یا لای چەپیانەوە لەو هەڵوێستە زۆردارانەیاندا کە ئەوەندە بەسە لە نیشتمانی عەرەبدا هەندێ پیاو هەبن باوەڕیان بەوە ببێ کە سەریان شۆڕنەکەن لەبەردەم دەستدرێژیدا بۆ ئەوەی نەتەوەی عەرەب لەبەر ئەوەی لەسەر هەقە سەرکەوێ بەسەر دوژمنەکانیا .. سەبرکەن کاتێ کە باسی کەنداو دەکەن وەك بڵێی باسی خزمەتکاری ماڵی باوکیان بکەن وەك مەسەلەی عێراقی یەکان دەڵێ .

لە کاتێکدا دەوڵەتانی کەنداو دەوڵەتن و عەرەبن و خەلکێکی بەڕێزن .. بە سووکی یەوە باسیان دەکەن و کاتێ کە باسی دەوڵەتەکانی ڕۆژەڵاتی عەرەب دەکەن لە غەیری کەنداو بە سووکی یەوە باسیان دەکەن و کاتێ کە باسی دەوڵەتەکانی ڕۆژاوای عەرەبیش دەکەن بە سووکی یەوە باسیان دەکەن وەك بڵێی هەمووی جیهان خزمەتکاری خومەینی بێ .

بە یارمەتی خوا ناوچەوانە پڕ لە بەدکاری لە قوڕ هەڵدەکێشین و بە یارمەتی خوا ئەگاتە ڕادەیە کە دوبەی کە بچووکترین دەوڵەتی عەرەبی یە پێی بوێرێ .

بەلای کەمەوە ژمارەی عەرەب تیایا کەمترین ڕێژەیەکە لە هەموو دەوڵەتە عەرەبی یەکانداو بە یارمەتی خوا بارودۆخی عەرەبی بە ڕادەیەکی وا بەرەو پێش دەڕوا کە کارێکی وا بکا کە دوبەی بتوانێ بە هەق دەستی لێ بەرزکاتەوە چونکە ستەمکارەو زۆری لەگەلەکەی کردووەو زۆری لەو بەهەا سەرەکی یانە کردووە کە نەتەوەو گەلانیان بێ دروستبووەو ئێوە دەبینن چۆن هەر یەکێ لەو ستەمکارانە چۆن دەکەوێتە دەست هەزار لەناو ئێران خۆیدا چونکە ئێرانی یەکان هەستیان بە ڕاستی کردووەو ئاگاداری ئەو کارەساتانەن کە خومەینی و دەستودایەرەکەی تووشی کردوون .

• سەرەنجامیان لەناوچوونە •

چار نیە ئەگەر شەڕ بەردەوامبێ خومەینی و دەستودایەرە ستەمکارەکەی لە قوردا هەڵدە کێشین و ئەگەر شەڕ وەستا ئەوە مەسەلەیەکی ترە ناتوانین لە ئێستەوە بیزانین بەڵام ئەگەر شەڕ بەردەوامبوو ئەوە ئینشەڵلا سەرەنجامیان نەمانە .

ئەم لووتبەرزی یە بۆشەی کە شانازی ی پێوە دەکەن و هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە دەربەندی هورمز دادەخەن یاخود چی دەکەن ئەگەر دەربەندی هورمزیان داخست ئەمە وەك ئەوە وایە یەکێك بچێتە قاسەیەکەوەو لەسەرخۆی دایبخا لە دەرەوە چونکە ئەوان لە ناوەوەن و کاتێ کە دەربەندی هورمز دابخەن چۆن مامەلە دەکەن لەگەڵ خەلکدا لە دەرەوە بەڵام دەوڵەتە عەرەبەکان پشتدەدەنەوە بە براکانیانا .

هەموو عەرەبی سەر کەنداو قوولایی نیشتمانی عەرەب پشتیانەو توانای بەرگری یان هەیە هەتاکو ئەگەر وایش دانێین کە ئێران دەتوانێ دەربەندی هورمز داخا بەڵام ئێمە لەوە دڵنیاین کە توانای عەرەب چ عەرەبی کەنداو یا عەرەب لە قوڵاییدا باشەو نایابە .. چونکە ئەو فرۆکانەی کە عەرەبەکانی کەنداو هەیانە باشترن لە فرۆکەکانی ئێران و هێزی دەریایی یان باشترەو چەکیشیان لام وایە عەرەب بە جۆرێکی وا هۆشیاربوونەتەوە کە بتوانن بەرگری بکەن لە مافەکانیان .

ئەگەر یارمەتی ئێمەیشیان بوێ ئەوەندە بەسە کە چەند سربێك لەو لاوە دلێرانەیان بۆ بنێرین کە ئەگەر لە شوێنێکی تایبەتیدا دانیشتن لە کەنداودا بەرگری لێ بکەن و دوژمن لەتوپەت بکەن و هێزێکی دەریاییمان هەیە گەورەترە لە هێزی دەریایی یان کە ئەگەر لە شوێنێکی تایبەتیدا دەرکەوت لەبەردەم دەربەندی هورمزدا ئەوە نانی ئێران دەبڕێ ئەمانە بە شاخی قوڕینەوە قۆچ ئەوەشێنن وەك مەسەل دەڵێ بە داخەوە ئێمە هەمیشەو لە سەرەتای شەڕەوەو تا ئێستا گالتەمان بە دوژمن نەکردووە باسی ڕوالەتی چاکەیانمان کردووە وەك چۆنەو نەمانوتووە کە گەلی ئێران شەڕی نەکرد یا سوپای ئێران شەڕناکا چونکە گەلان شەڕدەکەن لەپێناوی هەقدا .

بەڵام گەلانی ئێران کە زانی یان حوکمڕانەکانیان لەسەر هەق نین ئیتر بۆ شەڕبکەن و لەسەر چی .. سوپای ئێران کە ئەوە بزانێ کە سیاسەت سووکی کردووە یانی مەلبەندی بڕیاری سیاسی سووکی کردووەو لەتەلەتی کردووەو خزانوویەتە بارو هەڵوێستی واوە کە بیانووی بۆ نەبێ جیادەبێتەوە لێی چونکە دەبێ لەوە بگا کە بڕیاری سیاسی هەمیشە دەبێ یارمەتیدەری سەرەکی ی سەرباز بێ بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان بەو جۆرە جێبەجێ بکەن کە پێویستبێ و ئەو بڕیاری بەکارهێنانیان بدا بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێ بارودۆخی گونجاویشیان بۆ بێنێتە کایەوە .

بەڵام لە ئێرانا بڕیارە سیاسی یەکان هەموویان هۆی ئەو کارەساتانە بوون کە هاتن بەسەر سوپای ئێران و هەتاکو پاسدارانی خومەینی دا ئەوانەی کە هەزارانیان دەنێرێن بۆ بەرەو کەسیان لێ ناگەڕێتەوە بە ساغی ئایا ئادەمیزاد نین و هەتاکو ئەمانەیش ڕاستی یان بۆ دەرکەوت .

هەندێ لەو هەڵبەرستانەی کە لە پێناوی نەوتدا موجامەلەیان لەگەڵ دەکردن وا نەوت تەواوو موجامەلەیش تەواو دەبێ و ئەگەر هەندێ کەس سەریان لێ دەدەن بۆ ئەوەی سلاویان لێ بکەن لێرەو لەوێ و ئێمە دەیانناسین و نامانەوێ ناویان بێنین ئەوانە پاش لێدانی دوورگەی خەرج بۆ سلاویش سەریان لێ نادەن و کەس سلاویان لێ ناکا .

ئەوەیش کە ئابڕوویان دەپارێزێ ئەوەیە بڕیارێکی دلێرانە دەرکەن و بڕیاری دلێرانەو هۆشیارانەی ئاقلانە وەستاندنی شەڕەو بێ وەستاندنی شەڕ عێراقی یەکان هیچیان لەبەردەما نیە ئەوە نەبێ کە سەرە پووچەڵەکان تێکبشکێنن .

فرۆکەی زۆرو پیاوی زۆر

ئەوەی لە بەرەدا بۆمان بێ دەیکوژین و لە قوولایی ئێراندا بەینەنابەینێ هەر نیشانەیەکی گرنگ هەبێ لێی دەدەین و سوپاس بۆ خوا فرۆکەتان زۆرەو پیاویش زۆرەو ورەیشیان بەرزەو مەشقیان زۆر چاکەو وێنەیەکمان هەیە لەبارەی هەموو نیشانەیەکی گرنگی ئێرانەوەو بە دوورو درێژی ئاگادارینی چونکە شەڕەکە درێژەو چووەتە ساڵی شەشەمەوەو ئەگەر لەوەو پێش وێنەیەکمان نەبووبێ لەبارەیەوەو زانیاری دووردرێژمان نەبووبێ ئێستا هەموو شتێکمان لایە لەبارەیەوە .

خوا دەست بە باڵی پیاوانەوە بگرێ و سوپاس بۆ خوا لەسەر سەلامەتیتان ئەم ڕۆژەتانمان ناونا بە ڕۆژی دوو قادسیە چونکە لەم مانگەدا دوو قادسیە ڕووی دا لەبەر ئەوە ڕۆژەکەتان لەم مانگەدا ڕۆژی دوو قادسیە بوو و بەردەوامە لەگەڵ ڕۆژی ٢٢-٩-١٩٨٠وە چونکە ڕۆژی پەرچدانەوەی فراوانی ئێرانە پاش ئەوەی زۆر گالتەی بە عێراق کردو زۆر پێیان نا بە سکماناو زۆر ئۆقرەمان گرت بەڵام زللە کە پێویستبێ دەبێ بە قورسی بیوەشێنین .

لە سەرەتاوە خۆمان لە « وەرینە » کەبان دەپاراست بەڵام کە ئەمە سوودی نەبوو لەگەڵیاناو دەستیان کرد بە بازدان بەسەر دەموچاوو قەپ کردن بە قاچدا وتمان سوودی نیە ئەوە نەبێ بکێشین بە سەریاناو با کپبن چونکە بەختیان نیەو ئەگەر بەختیان هەبوایە خۆیان نەدەگەیاندە ئەم شوێنە .

ئەو خومەینی یەی کە گەلەکەی لە فرۆکەخانەوە لە فرۆکە فەرەنسایی یەکەوە هەڵیگرت و بەسەر لێشاوی خەلکدا گەیاندیە ئەو کۆشکەی کە تیا دابەزی لەکوێیە ئێستا لە چەمرانەو ئەمە بەندیخانەی جیهانیەتی و لەو دنیایش ئینشەڵلا سەرەنجامی تاریکتر دەبێ .

سلاوم بگەیەنن بە برا فرۆکەوانەکانتان و خێرا لە ئوتومبیلەکانتان مەخورن چونکە وەك فرۆکە نین .

Institut kurde de Paris

هەموو شتێك لە پێناوی سەرکەوتندا .

قاسم أحمد تقی وەزیری نەوت دەڵێ:

بەم زوانە نەوتی عێراق بە سعودیەدا تێپەڕ دەبێ

ئابووری‌ی عێراقمان بەردەوامە لە پەرەسەندندا بۆ بەرهەڵستی کردنی دەستدرێژی‌یە فارسی‌یەکە

وێرانکردنی خەرج جم وجووڵی سوپایی‌و ئابووری‌ی ئێران لە پەل وپۆ دەخا

بۆچی نەوت بە بەشێکی وا گرنگ‌و بەکاری ئابووری هەر وڵاتێك دەژمێرری ؟

چونکە بەو بنیاتە ئابووری‌یە گرنگە دادەنرێ کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بشتی بێ دەبەستن بۆ بنیاتنان‌و پێشخستن‌و چاکردنی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سوپایی‌و بۆدەرموە ناردنیشی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە لە چوارچێوەی شەڕی عێراق‌و ئێرانا لەبەر ئەو دەورەی کە دەیگێڕێ‌و ئەو گرنگی‌یەی کە هەیەتی لە پتەوکردن‌و بەهێزکردنی باری ئابووری‌و سوپاییدا لەم شەڕەدا .

هەروەها نەوت‌و بۆدەرەوە ناردنی دەچێتە قۆناغە هەرە گرنگەکەی پاش بۆردومانکردن‌و وێرانکردنی دوورگەی خەرج کە بە شادەمارو خوراکدەری گەورە دادەنرێ لە بۆدەرموە ناردنی نەوتی ئێراندا . ئەمە هەموو‌ی‌و هەندێ بڕسیاری ترشمان لەبارەی ئوێنێك‌و گیروگرفتەکانیەوە وەك نرخی تازەو قەوارەی نەوتی بۆدەرەوە ئێرراوەوە هەڵگرت بۆلای وەزیری نەوتی عێراق‌و ئەویش ، لەگەڵ سوپاسمانا ، بەم جۆرە وەڵامی دانەوە .

پ١ : جەنابی وەزیر .. ئایاچاوەڕێی ئەوە دەکەی کە ئابووری‌ی ئێران بەتەواوی بکەوێ پاش دابەزینی نرخی نەوت‌و دابەزینی ڕادەی ئەوەی کە بۆدەرموە دەئێرری لە ئەنجامی گەمارۆ دەریایی‌یەکەو وێرانکردنی دوورگەی خەرجدا کە بە شادەماری سەرەکی‌ی ئابووری‌ی ئێران دادەنرێ ؟

وەڵام :

بێگومان گەمارۆدانی دوورگەی خەرج‌و پاش ئەمەیش وێرانکردنی لەلایەن هێزی ئاسمانی‌ی پالەوانی عێراقەوە بۆ چەند جارێك کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر ئابووری‌ی ئێران کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بەو نەوتەی کە بۆ دەردەوەی دەئێرێ‌و دوورگەی خەرجیش سەرچاوەی سەرەکی‌ی بۆدەرەوە ناردنی نەوتی ئێرانەو ڕێگەگرتن لە بەردەم دوژمنی فارسیدا بۆ سوود وەرگرتن لەم دوورگەیە لە نەوت ناردنە دەرەوەدا کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئابووری‌ی ئێران‌و هەروەها توانای مادەی‌و بەردەوامبوونی ڕژێمی ئێران ناهێڵێ لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر عێراق . هەروەها سووربوونی ئێران لە قۆناغی پێشوودا کاتێ کە نەوتی لە دوورگەی خەرجەوە بۆدەرەوە دەنارد لەسەر کەمکردنەوەی نرخی نەوتەکەی بە شێوەیەکی زۆر بۆ هەڵخراندنی کرێارەکان بۆ بارکردنی نەوت لەم دوورگەیە نەجیاتی ئەو مەترسی‌یانەی کە بەری دەکەون هۆکارێکی‌ترەو کاردەکاتە سەر تێکڕای بۆدەرەوە ناردنی نەوتی ئێران‌و بەکورتی دەڵێین گەمارۆدانی دوورگەی خەرج‌و وێرانکردنی بە قۆناغێکی تازە لە جووڵانەوەی ئابووری‌ی ئێران‌و لە ئەنجامدا تا ڕادەیەکی زۆر توانای ڕژێمی ئێران بێ‌مێز دەکا لەسەر بەردەوامبوون لە دەستدرێژی‌یەکەیا بۆسەر عێراق .

پ٢ : جەنابی وەزیر .. ئایا دەفەرموون بەراوردێکی مەوزووعی‌یانە بکەن لەنێوان واقیعی عێراق‌و واقیعی ئێران لە بواری نەوتدا ؟

وەڵام :

پاش ئەوەی ڕژێمی سووریای دەست نێکەڵ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا ئەو لووڵەی نەوتەی عێراقی بڕی کە بە خاکی سووریادا تێدەپەڕێ وادەزانرا دەتوانرێ لەرووی ئابوری‌یەوە عێراق گەمارۆ بدرێ بەڵام کە توانای هێڵی تورکیا لە ٦٥٠ هەزار بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا زیادبوو بۆ یەك ملیۆن بەرمیل‌و هەروەها هێڵێکی تازەی نەوت جێ‌بەجێ کرا بە خاکی سعودیەداو بەتوانای ملیۆنێك‌و ٧٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە قۆناغی یەکەمیا . بە خاکی تورکیادا ڕۆژی یەك ملیۆن بەرمیل بارەدەکرێ‌و زۆرینش دەکرێ لە پاشەڕۆژدا بۆ ملیۆنێك‌و پێنجسەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکداو ئەمەیش بارى ئابووری‌ی عێراق باشتر دەکا لە بارى ئابووری‌ی ئێران‌و ئەمەیش ئەو بارەیە کە پلەی نەوتی باشتر دەبێ لە واقیع‌و پلەی نەوتی ئێران‌و بەکورتی ئابووری‌ی عێراق بەردەوپێش دەڕواو لە هەمان‌کاتدا ئابووری‌ی ئێران بەرەو خوار خلدەبێتەوە .

پ٣ : جەنابی وەزیر .. چۆن سەیری پاشەڕۆژی شەڕ دەکەن پاش ئەو دواکەوتنەی کە چاوەڕێ دەکرێ لە کەمبوونی نەوتی بۆدەرەوە ئێرراوی ئێراندا چونکە وەك دەزانین دوورگەی خەرج بەتانیا نزیکەی (٩٠٠) هەزار بەرمیلی دەنارد بۆ دەرەوە پاش گەمارۆکە بەڵام پێش ئەم گەمارۆیە ڕادەی نەوتی بۆدەرەوە ئێرراو دەگەیشتە دوو ملیۆن بەرمیل .

وەڵام :

وەك باسمان کرد وێرانکردنی دوورگەی خەرج ئابووری‌ی ئێران پەلدەخا چونکە بەمە ڕژێمی ئێران توانای ئەوەی نامێنێ پێویستی‌یەکانی بەردەوامبوونی لەسەر شەڕەکەی دابین بکا دژی عێراق . لەبەرئەوە وێرانکردنی دوورگەی خەرج ڕژێمی ئێران ناچاردەکا چاو بگێڕێتەوە بەحیساباتیاو دەبینێ موستەحیلە بتوانێ ئاشی دەستدرێژی ئاوبداو لە ئەنجامدا ڕەنگە ئەمە ، لەگەڵ کینەی کوێرانەیشی، ناچاری بکا دەستدرێژی بوەستێنێ‌و گوێ شل‌کا بۆ کەوتنە نێوان‌و ئەو چارە ئاشتی‌یانەی کە عێراق داوای‌کردن‌و هەموو ڕێکخراوە کیشوەری‌و جیهانی‌یەکان کە بە تەنگی ئاسایش‌و ئارامی‌ی ئەم ناوچە گرنگە ستراتیژی‌یەوەن داوایان کردووە .

پ٤ : جەنابی وەزیر .. ئایا هێڵی ستراتیژی‌ی نەوتی لوولەی عێراق سعودی دەکەوێتە ئیشەو هەواڵی چاکردنی لوولە نەوتی تورکیاو هێڵی ئەردەنی چی‌یە ؟

وەڵام :

لەبارەی لوولەی سعودی‌یەوە دەتوانین بڵێین لەبارەی مادەی‌یەوە تەواو بووەو دەستمان‌کردووە بە کاروباری پشکنین‌و ئیش‌پێ‌کردنی پێش ئەو ماوەیەی بڕیار درابوو بەزوانە جیهان هەواڵی ئەوە دەبیسێ کە نەوتی عێراق بە خاکی سعودیەدا بێتەرێتە دەرەوە ، لەبارەی هێڵی تورکیاشەوە قۆنتەراتی لوولەی عێراق تورکی درا بە یەکێ لە کۆمپانی‌یەکان‌و ئێمە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی قۆنتەراتەکەو کاروبارەکانینی بۆئەوەی هەردوو وڵات عێراق‌و تورکیا مۆری لەسەر بکەن لەگەڵ کۆمپانیا قۆنتەراتچیەکەدا ، بەڵام هێڵەکەی ئەردەن هێشتا بە ڕاگیراو دادەنرێ چونکە کۆمپانیا قۆنتەراتچیەکە ڕازی نەبوو بەو مەرجانەی کە عێراق داوای‌کردوون لەبارەی دڵنیاکردنە بێگانەیی‌یەکانەوە بۆ ئەم پرۆژەیە .

پ٥ : جەنابی وەزیر .. بارى ئێستای ئابووری‌ی نەوتی عێراق چۆنەوو چ‌کارێك دەکاتە سەر پاشەڕۆژ ؟

وەڵام :

وتمان بارى نەو ی عێراق بەرەو باشتر دەڕوا بەهۆی ئەو هەنگاوانەوە کە ئراون بۆ زیادکردنی نەوتی بۆدەرەوە ئێرراو بەهۆی گەورەکردنی ئەو دوو هێڵەوە کە بە تورکیادا دەڕۆن یا بەهۆی جێ‌بەجێ‌کردنی ڕێگاکانی ترەوە وەك ئەو هێڵەی کە بە سعودیەدا دەڕوا ئەمە بێجگە لە زیادکردنی توانای پالاوتن بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی هەموو پێویستی‌یەکانی نەوت لە عێراقداو بێجگە لە ئامادەکردنی زیادەیش بۆ ئەوەی بۆ دەرەوەبنێرێ‌و بەمجۆرە ئێستا دەستکەوتی نەوتی خاوو بەشەکانی بێ‌وچان لە پەرەسەندنایەو ئەمە توانایەکی گەورە بۆ ئابووری‌ی عێراق پەیدا دەکا بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەو پێداویستی‌یانەی کە سوپا دەیەوێ بۆ بەربەستکردنی دەستدرێژی‌یە فارسی‌یە چەپەڵەکەو ئەوەی کە نەخشەی پەرەپێدان پێویستی‌یەتی لە دەرامەت بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژە ستراتیژی‌یەکان لە وڵاتداو هەروەها ئامادەکردنی پێویستی‌یەکانی وڵات بۆ مایەو کەل‌وپەلی بنەڕەتی‌و پێویست‌و بەکورتی دەتوانین بەگەشبینی‌یەوە سەیری پاشەڕۆژ بکەین بەجۆرێکی‌وا توانامان بڕیاربدا بۆ بەرگرتن بەرامبەر بەو نەخشانە کە خراپەیان دەوێ بۆ عێراق‌و شۆڕشە مەزنەکەی کە سەرکردەی فەرمانده صدام حسین پێشەوایەتی ، خوا بپارێزێ .

ذکریات محمد حسن

Institut Kurde de Paris

بەدڵنیایی خۆت

خێزانەکەت دڵنیا ئەکەیت . . . ؟

کۆمپانیای دلینایی‌کردنی‌ژیان «التامین علی الحیاه»یەکێکە لەو کۆمپانیا میریانەی کە دەوریکی مەزنی‌هەیە لە بەشداربوونی تەنگ‌وچەڵەمەکانی نادەمیزادو ڕاستەوخۆ بەستراوە بە شادەمارەکانی ئەو دلنیابوونە. کە بەگشتی کۆمپانیای ناوبراو دەستەبەری کردوە .. لە دوو لایەنی ژیانەوە ..

یەکەم : ئەوکەسەی کەخۆی (تامین) ئەکا کەلکی لێوەرئەگرێ .

دووەم : بۆ خێزانەکەی ؛ بۆ منداڵەکانی ..

ئێمەش بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی ڕوونتر لەکەلك‌و سوودی ئەم (تامین)ە بکەین ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ بەڕێز کاك ئازاد محمد عارف بەڕێوەبەرو لێپرسراوی کۆمپانیای ناوبراو کرد لەلقی سلێمانی ..

● پێشەکی لقی کۆمپانیای دلینایی کردنی ژیان لەکەیەوە لەسلێمانی دامەزراوە سەرەتای کاری ئێستای چۆنە !

ـ لقی ئەم کۆمپانیایە ساڵی ١٩٧١ لەسلێمانی کەوتە ئیش‌کردن، لەڕاستیدا لەسەرەتای کارکردنماندا ، توشی هەندێ کێروگرفتی کاتی هاتین ، بەڵام لەئەنجامی بڵاوبونەوەی هۆشیاری تامین‌و دلنیایی‌کردنی خەڵکی بەرامبەر ژیانی ئێستاو پاشەڕۆژی خێزانەکانیان ، سەیرئەکەین ڕۆژبە ڕۆژ کارمان لەبرەودایەو خەڵکێکی زۆر ڕوومان تێئەکەن‌و منداڵ‌و خێزانیان تامین ئەکەن .

چونکە ئەو خێزانەی کە گەورەکەیان خۆی تامین‌کرد هەست بەوە ئەکا کە بەخشینێکی داوە بە‌و خێزانەی کە خوانەخواستە باش کارەسات دووچاری ئەبێت ، ئەمەش لەڕاستیدا قوربانی‌دانە بۆئەو خێزانە تا ڕەوتی ژیانی ناسایی‌یان تێك نەچێت ، ئەو پارەی تامینە بۆیان ئەمێنێتەوە لەژیاندا کەلکی لێوەرئەگرن . لە شاری سلێمانیدا وەکو ووتم تامین ڕۆژبەڕۆژ لەبرەودایە، ساڵەدوای ساڵ ئەو پلانەی بۆمان دائەنرێت بەچاکتربن شێوە جێ‌بەجێ ئەکرێت ، ئەمساڵ لەنیوەی ساڵدا زوربەی پلانی ئەمساڵ کە بۆمان دانراوە جێ‌بەجێ کراوە ، هەروەها ساڵی‌بار ١٩٨٤ سێهەمین لق بووین لەبواری بەرهەمهێنان‌و کارکردن . گومانی تیدانیە کە ئەم دەسکەوتەش لەئاستی هوشیاری خەڵکی شارەکەمانەوەیە ئامانجمانە کە ڕۆژبە ڕۆژ زۆرتری کەبن ، بەرەوپێش‌تر پەەی‌پێ‌بدەین .

● ئەڵێن «تامین» پاشەکەوتە ؟!

ـ لەڕاستیدا تامین پاشەکەوتێکە بەزۆر واتە «اجباریە» لەسەر ئەوکەسەی خۆی تامین‌کردوە ، تامین دلنیایی ئەدا بە پاشەڕۆژی خێزانی ئەوکەسەی تامین ئەکا ، کەبۆ ماوەیەکی دیاری کراوە بە پارەیەك ـ مبلغ ـ لەکاتی مردنیا ئەو پارەی تامین‌کردنە بەدووقاتی پارەکە ئەدرێتەوە بە خێزان‌و منداڵەکانی ، هەتا ئەگەر تەنانەت تەنها بەشێك یان قسطێکی دابێت . ئەمە لەلایەك ئەگەر هاتوو لەماوەی تەواوبوونی تامین‌دا هیچی بەسەرنەهات ئەوا ئەو بارەیەی بۆ ئەکێڕێتەوە .. سەرەڕای ئەم خاڵانەی خوارەوە : ـ

ئەگەر ماوەی تامین بۆ ٥ ساڵبێت لە ٥٪ی پارەکەی وەرئەگرێتەوە ئەگەر ماوەی تامین ٥ تا ١٠ ساڵبێت ٨٪ی پارەکەی وەرئەگرێتەوە

لە ١٥ تا ٢٠ ساڵە لە ٩٪ی وەرئەگرێتەوە .

لە ٢٠ بۆ سەرەوە ١٠٪ی وەرئەگرێتەوە .

هەروەها لەڕوداوی کەسی ،قاچ شکان ، قول شکان بەپێی تەمەن‌و یان ماوەی لە کارکەوتن لەبری ئەوانە پارە وەرئەگرێت . هەروەها یانسیبی بەخت کە بریتی‌یە لە پاداشتی بینراوو پارەی نەخینە ، ئەم یانسیبە هەموو ساڵێك جوارجار ڕائەکێشرێت ، هەموو ئەو کەسانەی بەشداری تامین ئەکەن تیایدا بەشدارن . بۆ وەرکرتنی بەشەکانی ،بەپێی کارکردن ئەگەر فەرمانبەر بێت مانگانە لە مووچەکەی ئەبڕێت ؛ ئەگەر کاسب‌کار ـ بوو بۆی هەیە یان بەسێ مانگ یان شەش مانگ جارێ یان ساڵانە بیداتەوە .

● رای بەرێزتان بەرامبەر تامین چی‌یە ؟ ئایا بەش یان نوسینگەتان هەیە لە قەزاو ناحیەکان ؟

ـ لەبەر ئەوەی تامین کارێکی مرۆڤانەیە ، من حەزئەکەم هەموو خێزانێکی عیراق ، لەم کارەچاکە مرۆڤانەیە بێبەش نەبێت ، ناواتیشم ئەوەیە کەتامین بگاتە گشت ماڵێك . بۆ لایەنی دووەمی پرسیارەکەتان ئێمە بەژمارەیەکی کەمی بەرهەم هێنەرەوە ، کەبیشتو ـینتە هەموو ناوچەکانی سلێمانی لەقەزاو ناحیەکان ، هەتا لادێ‌کانیش تامینیان کردوە ، بەڵام وەك نوسینگە بەداخەوە نیمانە ، ئەمەش هیوایەکی چاکەو بیری لێ ئەکەینەوە کە لەمەلبەندی قەزاکان نوسینگەمان هەبێت

ـ ئازاد ـ

ئەکتەرو

شیکردنەوەی کاراکتەر

یەکێك لە گیروگرفتەکانی ئەکتەری کورد بەی بێ نەبردنی بەهاکانی « کاراکتەر »ە لەسەر بنەوانگێکی ئەکادیمی !! کە لەو گیروگرفتانەیە بینەری زیرەك روو بەرووی نواندنێکی بەچێژ و بێگەرد نابێتەوە ، ئەمەش کارێکی گەورەی بەسەر ڕۆشنبیری شانۆیی و نواندنەوە هەیە . بەبێچەوانەشەوە شۆربونەوە بەناخی « کاراکتەر » و بەناکام هێنانی بەهاکانی بۆ « ئەکتەر » و « دەرهێنەر » دەبێتە هۆی بەناکام هێنانی ڕێچکەیەکی سەرکەوتوو لە دەرهێنان و نواندێکی بەدەگمەندا .

بۆیە کە ئەکتەر تووشی دووبارە بوون «سط»و دلە راوکێ دەبێت لەکاتی نواندنی کاراکتەرە جۆراو جۆرەکانیدا . چونکە دافەو لێکۆلینەوەکانی بۆ کاراکتەر . لای نووسەر و زانستەکانی سۆسۆلۆجیا « کۆمەلایەتی »و فسیۆلۆجیا « سروشتی‌لەش » و سایکۆلۆژیا « دەروون » بەووردی لێناکۆلێتەوە و بابەتێکی مەنهەجی پەیرەو ناکات !!

چونکە کاراکتەر لە بەها دراماتیکی‌یە تایبەتی‌یەکاندا کە بریتین لـە [کاکلە و « کاراکتەر » و « دیاۆژ »و گرێو « باری ڕەوانی گشتی » « جو النفس العام »].

کاراکتەری درامی تایبەتی‌یەکی دەستنیشانی هەیە ؛ چونکە دەبێت بەکردارێك هەلبستێت . وانە « لیشتیك » بکات کە گیانی درامای ئەدەبی کردارەکان ئەگەیەنێتە ئاکام .... » ئەگەر بمانەوێت ئەکادیمیانە لـە دافەکردنی کاراکتەری نێو دەقەکان بکۆلێتەوە پاش ئەوەی کە دیراسەی ژیانی نووسەرەکە و بارودۆخی رامیاری و کۆمەلایەتی نێو کۆمەلەکەی و ئەو حوکمە رامیاریی‌یەی کەسانی نووسراوەکەی تێدا لە دایك بووە بێ دەزانین . دەبێت ئاگامان لەوکارێگەر و کارتێکەرانـە بێت کەپابەند و هەوێنی کاراکتەر دەبن لەگەشەکردنیدا . ئەوانیش :

١ ـ کارتێکەرە سروشتی‌یەکان :

هەموو ئەو شتانەی کە لە ئەدایك بوونی کاراکتەردوە تا تەمەنی هەرزەکاری دێتە ڕێگەی و دافەکردنی کارتێکەرەکانی دەربارەی لەش و ئەندامەکانی‌یەوە لەڕوی بایۆلۆجی یەوە دەگرێتەخۆ . .

٢ ـ کارتێکەرە کاتی‌یەکان :

واتە ئەهەرزەکاری‌یەوە ح‌گۆڕانێکی عەقلی و لەش بەسەر کاراکتەردادێت تا تەمەنی پیرێتی دەگرێتەخۆ .... » .

٣ ـ کارتێکەرە شوێنی‌یەکان :

دەوروبەر و ئاوهەواو سروشتی ژیانی کاراکتەر بۆسەر دەروون و تەبع و هەلس‌وکەوتی و کاریان بەسەر لەشەوە دەگرێتەوە » .

٤ ـ کارتێکەرە کۆمەلایەتی‌یەکان :

کە باری ئابووری و سروشتی و کۆمەلایەتی و کاروبیشەی و هەلس‌وکەوتی بۆسەر لەشی کاراکتەر دەگرێتەخۆ .... » لەسەر تەفسیرکردنی و ڕۆچون بەناخی کاراکتەردا بەپێی سێمەوداکەی کە بریتین لە » .

ا ـ مەودای سروشتی و لەش « فسیۆلۆژی » :

کاراکتەر لەڕووی تەشریحی و دەچەلەکەوە رافە دەکات ، وانە باری فسیۆلۆجی لەش لـەم رووانەوە لێدەکۆلێتەوە : ـ

١ ـ سێکس « نێرە یا مێیە » .
٢ ـ تەمەن .
٣ ـ درێژی و قورسایی « سەنگی » .
٤ ـ رەنگی قژ و پێست و چاووی .
٥ ـ هەیبەتی قەلەوی و لاوازی مام‌ناوەندی یا قۆزی لەش و ناشیرینی و شێوەی سەر دەم چاو .
٦ ـ چاوەکانی : شێواندنی تێدایە ؟! شذوزی تێدایە ؟! بیبیلەکانی و نەخۆش و رەنگ وشذوزەکان کامانەن ؟!

ب ـ مەودای کۆمەلایەتی « سۆسۆلۆجی » :

واتە رەووست و هەلس و کەوتی کاراکتەر لەڕووی دەوروبەرو پەیوەندی کۆمەلایەتی و باری

بڕوانە ل ١١

ڕزگار کریم سعید

کورتە سەرنجێك لە شانۆی توندو تیژ

دانا رۆوف

لەم چەند ساڵانەی دوایـدا زاراوەیەك هاتە شانی بزوتنەوەی هونەری شانۆیمان بۆتەوە بەناوی « شانۆی وێنەیی » وەئەبێ ئـەم جۆرەی شانۆ داهێنانێکی نوێو تازەیی لە بزوتنەوەی شانۆی جیهاندا ، نەخێر؟ بەڵکو ئەم ڕێبازە لەسەرەتای بیسەکان بـەدواوە بەردەوام هەنگاوی خێرا ئەنێت لەسەر هەردوو ئاست « شێوە وناوەڕۆك » .

ئەم شۆڕشە لە سەرەتادا لەسەر دەستی هەندێ لەنووسەرە پێشڕەوەکانی فەرەنساو . و بەهۆی داهێنانی جۆرێکی نوێ لەنووسینی تێکستە شانۆییەکانەوە بەرپا بوو لە ساڵی ١٨٩٦ دا بۆ یەکەمجار تیپی (لونیە بویە) لەپاریس ئەو گۆمە مەنگەیان بە شانۆیکی (ئوبۆی پاشا) شلەقاند .. ئەم شانۆییەش لەنووسینی (ئەلفرید جاری) یە . هەر کەسێ بیەوێ ئەمێژوو سەرهەلدان‌و هەولدانی شانۆی پێشڕەو (اللامعول) بدوێ . ئەبێ بگەڕێتەوە سەر (ئەلفرید جاری) چونکە « جاری » بناغەی دروست بوونی ئـەم ڕێبازەیـە لەمێژووی دراماادا .

لەژێر کارتێکردنی ئەم نووسەردا لەساڵی ١٩٢٧ دا « ئەنتونان ئارتۆ » و « روجیە فیتراك » شانۆییەکیان دامەزراند بەناوی (شانۆی ئەلفرید جاری) یەوە بۆ پێش‌کەش کردنی شانۆی پێشڕەو . لەساڵی ١٩٣٨ دا (ئارتۆ) کە دانەرێت بەگەورەترینی ئەو هونەرمەندانەی شۆڕشێکی بەرپاکرد . لەبواری هونەری شانۆدا . ئەوەش بە دانانی ڕێبازە هونەرییەکەیی و بڵاوکردنەوەی لەکتێبێك دا بەناوی (شانۆ و هاو شانۆ) بلیمەتی گەورە (ژان لوی بارۆ) دەربارەی ئەم کتێبە ووتویەتی ـ بەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم ـ مەبەستی ئـەم هونەرمەندە خولقاندنی هونەرێکی شانۆیی سەربەخۆ بوو . وەك هەموو بەشەکانی تری هونەرو ئەدەب .. هەوڵی ئـەوەی ئەدا لە ڕێگای جولـەو وێنەی جۆرەبەجۆرەوە ووشە ئەدەبیەکان ڕوون بکاتەوە .. وێنەکان لەلای ئارتۆ کۆمەلی وێنەی پێکەوە بەستراوی شیعرین . لەم ڕووە شەوە ـ ڕامبۆو بۆدلیر ـ کاری خۆیان بەسەرفکرو هۆشمەند ئارتۆو وێنەکانیەوە هەیـە . « توندوتیژی » زاراوەیەکی قوڵی فەلسەفیە لەلای ئەم هونەرمەندە . لە ڕێگای توندوتیژیـە وە ـ بەڕای ئارتۆ ـ ئەگەینە (خلاص) لە پشت هەموو ئەمانەشەوە (فریدریك نیتشـە) ڕوویەکی ڕۆشن‌و گەوردی ئارتۆیـە . نیتشە لەسەر زمانی (زرادشت) دوە ئەڵێ : مرۆڤ لە هەموو گیانەوەرەکان دڵڕەق‌و توندو تیژ تـرە .

شانۆی ئارتۆ شانۆی بینینە نەك شانۆی گوێ گرتن . کاراکتەرو ڕووداو زمان ئێستاتیکای دیکور بۆی ئەبێتە ڕووپۆشێکی گەورە . دەرهێنەریش دەورێکی گرنگی هەیـە بـۆ دروستکردنی ئاهەنگە تقسـیە پیرۆزەکان . و بەکارهێنانی جۆرەها مۆسیقاو سەماو هونەری وێنەکێشان‌و پانتۆمایم‌و گۆرانـی‌و ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ . لەکەڵ بەکارهێنانی دەمامکی گەورە گەورە . بەردەوام هەوڵی دووپات کردنەوەی (زمانـی جولەو لەشـی ئەکتەر)ی ئەداو (وێنە تەقینەوەی مانای قوڵی ووشەکانە) هەروەها لەگەڵ پێویستی گەمارۆ دانی بینەرو ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدا .

ئارتۆ هەوڵی دروستبوونی شانۆیەکی (شەرقی) ئەدا . ئەو شانۆیەی کـە تێڕوانینێکی میتافیزیکیانەی بۆ بوون‌و مرۆڤ‌و هەموو شتەکانی تر هەیە . بەرامبەر بە شانۆی ڕۆژئـاوا کە زیاتـر گرنگـی ئەدا بە بارە دەروونیەکان‌و ڕافەکردنـی تێڕوانینەکان لە ڕێگای ووشەو حواری تێکستەکەوە .

تا ئەمرۆش بۆچوون‌و تێبینیەکانی ئارتۆ جێگای گفتوگۆو پەردبن دانـە .. لە سەر بناغـەی بـۆ چوونەکانی جۆرەها قوتابخانەی هونەری شـانۆیـی دروسـت بوو . گرنگترین . ئـەو هونەرمەندانـەی کە دوای ئارتۆو لەم سەدەیەدا بینەخاوەنـی ڕێبازو قوتابخانەی تایبەتی (کرۆتۆفسکی پۆلۆنی‌و پیتربروك‌ی ئینگلیزیە) کـە توانیان ئەو ڕێبازە بەردەوپێش بەرن‌و قوتابخانەیەکی گەوردی هونەری بخولقێنن لە هەردوو ڕووی دەرهێنان‌و پەروەردەکردنی « ئەکتەر » ەوە .

دوان لە شانۆی توندونیژو ئارتۆ مەودایەکی ئەان فراوانی ئەوێت‌و جێگای گرنگی پێ دانێکی زۆرو جیاوازە . بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێبازە نوێکانی شانۆ بە هەموو بەشەکانیەوە بکەیـن .. ئەمەش لێرەدا جێگای ئەوە نابێتەوە . ئومێدە وارین لـە پاشەڕۆژێکی نزیك‌دا بە درێژی‌و هەموولایەنە فکری‌و هونەریەکانـی ئەم کەلە هونەرمـەندە وونـە ڕوون بکەینەوە .

● بەڵێ .. وا پێنج ساڵی ڕەبەق بەسەر دەست پێکردنی ئەو جەنگەدا تێپەڕی ، کە ئاخوونده مێژەر بە سەرە ئەڵقە لەگوێکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم ، بەسەر گەلو نیشتمانە خۆشەویستەکەمانیان سەپاندو ، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ، لایەن نەما پەیمانی ڕەشو کۆنەپەرستانەی لەگەڵدا نەبەستنو ، کۆنەپەرستترین ڕژێمو ئەڵقە لەگوێترین ڕژێم نەما ، دۆستایەتی‌ی نهێنی‌و ئاشکرای لەگەڵدا نەبەستنو ، چەکو جبەخانەی لێ وەرنەگرنو ، دژ بە ڕۆڵە نەبەردەکانو شارو گوندو لادێکانی وولاتەکەمان بەکاری‌نەهێنن ، لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشەو گوڕەشەو ، زمان‌درێژی‌و ، خۆ زل کردنەوەی فس فس پاڵەوانانەیان کە بە دەرزی‌یەك دادەمرکایەوە ، نەیانتوانی یەك تۆز وورە بە گەلی پاڵەوانی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتی‌یەکانیەوە، بەر پێبدەنو نەیانتوانی باوەڕی توندو بەهێزیان بە ڕێڕەوو کاروانی‌و سەرکردەی کاروان لەق بکەن ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، گەلی هۆشیاری خاکی نیشتمان ، پتر هۆشیار بووەوەو ، لە پیلانە گەندەڵەکانی مێشکە ڕزیوو بۆگەنەکانیان گەیشتو ، شارەزای ڕقو کینە کۆنینەکانی نێو دڵە پیسو چەپەڵەکانیان بوو ، بۆیە بە چەکی لە خۆبەرگری کردنو ، بە چەکی هۆشیاری‌و ، خۆشویستنی خاکو نیشتمانو ، بە چەکی سەربەرزی‌و سەرفرازی ، بەرەنگاری هەموو جۆرە پیلانو داوو هەڕەشە پووچەکانیان بووەوەو ، بۆ جیهانی چەساباند کە نەك ئاخوونده‌کان ، بەڵکو هیچ هێزێك نی‌یە بتوانێت شوورەی پۆلایینی وورە بەرزی‌و باوەڕ بە خۆبوونی عیراقی‌یەکان بلەرزێنێت ، لەبەرگری لە خۆکردنو داکۆکی‌کردن لە سەربەرزی‌ی وولاتو دەستەڵاتو ڕێڕەوی خەباتو ڕێبازی سەربەستانەی کە بە دڵی خۆی هەڵی‌بژاردووەو خوێنی گەشی دڵی خۆی‌و ڕۆڵەکانی ئاوی دەدات !

● بەڵێ ، وا پێنج ساڵی ڕەبەق تێپەڕی ، پێمان نایە شەشەمین ساڵی جەنگی پیرۆزمانەوە ، هەموو جیهان بۆی ڕوون بووەوە کە عیراق دەستی ئاشتی‌یانەی درێژ کردووەو ئاشتی‌ی دەوێتو ، دژ بە جەنگەو دژ بە بەردەوامی‌ی جەنگە ، کەچی ئاخوونده‌کانی قوم‌و تاران ، ئەمە بە لاوازی دەزانن ، ئەگەرچی ئەمە ئەوپەڕی بەهێزی دەگەیەنێت ، لە کاتێك‌دا کە عیراق سەرکەوتووەو ، لە هەمان کاتیش‌دا دەستی ئاشتی درێژ دەکاتەوە ، کەچی دوژمنی گێل‌و گەرج ئەمە بە شتێکی تر لێك‌دەداتەوەو ، سوورە لەسەر پەرەپێدانی جەنگو ماڵ‌وێرانی‌و دەربەدەری‌و قوربەسەری‌ی گەلانی ئێران ، کە گیرۆدەی دەستی ئەو ئاخوونده‌انە بوونو ڕەوانەی دۆزەخی جەنگیان دەکەنو کوڕو ڕۆڵەکانیان سەرنگوم دەکەنو ، وولاتەکەشیان بەرەو کەناری وێرانی‌و ڕووخانو دواکەوتنو نەزانین دەبەن !

بەڵێ .. واپێنج ساڵە ، ئاخوونده‌کانی قوم‌و تاران ، بە چەکی زایۆنی‌و کینە لەدڵەکانو ، بە ئامۆژگاری ئاغاکانیان ، بە ئامۆژگاری بستە باڵاکان ، لە دیمەشقو تەرابولسی ڕۆژئاوادا ، بە قسەی ترسنۆکەکەی فرۆشەری گۆڵانو، شێتەکەی لیبیا دەکەنو ، هەموو جارێك پیاوە ساکارو خۆشباوەڕەکانی گوندو لادێ دوورەکانی شارەکان کۆ دەکەنەوەو ، وەك مەڕ لەپێشیان دەدەنو ، کینەو ڕقی ڕەشیان پڕ مێشك دەکەنو ، بەرەو سنوورو خاکی عیراق ، بۆ دۆزەخی ئاگرینی عیراقی‌یەکان پاڵیان پێوە دەنێنو ، خۆیان دەکشێنەوەو ، لە کونی ترسو لەرزدا خۆیان دەشارنەوە ، کە هێرشە گێلانەکەیان شکستی دەهێنێت ، خۆیان کڕ دەکەنو هەڕەشەو گوڕەشە لە گەلانو وولاتانی ناوچەکە دەکەن ، کەچی قسەکانیان با دەیباتو ، کارە نارەواکانیشیان هیچ ئەنجامێکی نابێت ، جگە لە شکستیو نابوونی ڕوسوایی نەبێت !!

سەرەڕای هەموو ئەو شکستی‌یانەی ، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵی جەنگەدا ، تووشیان هاتووە ، کەچی ئاخوونده گەورە نارەسەنەکەیان سوورە لەسەر بەردەوام‌بوونی جەنگو جەنگ بە پێتو بەرەکەت دەزانێت ، چونکە لە لایەکەوە گەلانی ئێرانی پێ بە کوشت دەدات‌وو ، لە لایەکی ترەوە خۆی‌و دەستو تاقمەکەی زۆرتر لەسەر تەختی شەقو شڕی دەستەڵاتە ناپوختەکەیان دەمێنینەوەو بەرژەوەندی‌یان بەردەوام دەبێت ، گەلانی ئێرانیش چش با هەواڵەی دۆزەخی ئاگرو نەمان بن !

بارو دۆخی ناوخۆشیان تا دێت ، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت ، شتو مەکی خواردن لە بازاڕیان‌دا دەستناکەوێت ، بازاڕی قاچاخی

بڕوانە ل ١١

فـؤاد حسین

گۆڤاری «بانوراما»ی ئیتالی لە دوا ژمارەی‌دا ووتارێکی بلاوکردۆتەوەلەژێر ناونیشانی «خومەینی مافیا» تیایدا دەڵێ «لەم‌دواییەدا چەند کەسێك لە لێپرسراوانی رژێمی خومەینی لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردەکانی مافیای‌بەناوبانگی ئیتالیا کۆبوونەتەوەو مۆربان لەسەر ئەوەکردووەکە رژێمی خومەینی تلیاقو موخەددەرانیان بداتێ‌بەرانبەر بەجەك‌و یەدەکی‌چەك کە بیدەنە ئێران» ئەوەی‌راستی بێت گۆڤارەکە شتی نوێی‌ئاشکرا نەکردووەو شتەکە بە تازە یان هەواڵێکی نوێ‌نادرێتە قەڵەم .. چونکە رژێمی خومەینی لەوەتەی‌خۆی‌بەسەر وولاتی ئێراندا سەپاندووە پەیوەندیی زۆری‌بەستووە لەگەڵ رژێمو رێخکراوە گومانلێکراوەکان‌لە جیهان‌دا .. رێك‌کەوتنو دانیشتنو ووتوێژ لەگەڵ‌مافیادا ڕۆڵەی ئەمڕۆ نی‌یە ، بەڵکو ئەمە چەند ساڵێکە‌لەگەڵ یەکدا ئاشنابوونو یارمەتی یەکتری دەدەن .

وە ئەوەی زانراوە لەم دەکەن .. جەللادەکەی قوم بارەو پولێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە تەرخان‌کردووە و سەرف دەکات .. بەو شێوەیەی قورسایەکەی زیانێکی ئێجگار گەورەی گەیاندۆتە بۆدجەی ئێران ..

ماوە شتێکی‌تر بڵێین ئەوەی قەوارەی زایۆنیزمو رژێمی ئەسەدو قەزافی‌و مافیاو رێکخراوە گومانلێکراوەکانی جیهانی پێشکەشی بەرژێمی خومەینی‌و دارەدستەکەی دەیکەین لە گشت بارەیەکەوە سوپایی بێت بان شێوازێکی‌تر بێت هەرگیز رژێمەکە لەخنکاندن رزگارناکەن ..! هەرگیز ناتوانن سەرشۆڕی‌و شکەستەکانی سوپاکەی لە بەرەکانی شەڕدا بپۆشن ..!!

هیچ رێکخراوێکی تۆقێنەر وەکو مافیا ناتوانێت گیرگرفتکانی خومەینی چارەسەربکات ...!!

دوژمنایەتی خومەینی و

سوپای ئێران

ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی

هەروەکو ئەزانن سوپای ئێران بەر لە شوڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕژیمی شا سوپایێکی زۆر گەورەو بەکارو ئامادەکراوبو ، وە کارناسانی کاروباری سوپایی لایان‌وابو حەوتەمین هێزی جیهانە، بەڵام لەکاتی شوڕشی خەڵکی ئێران‌دا ، بەر لە هەموشتێ گەورەترین وە زیان‌بارترین دەسبان لێ‌وەشاند وە شیرازەی ئەو سوپا گەورەو چەکدارەیان شێواند بەیەکا ، بەڵام ئەگەر ئەم دەس‌وەشاندنە هەروا شتێکی زووتێپەڕو کەم ماوە بوایێ وە لە قەصدو عەمدەوە سەرچاوەی نەگرتایێ ماوەیێکی نەئەبرد هەموو کەموکوڕی‌و زیانەکان چارە ئەکرانەوەو سوپا ئەچوەوە دۆخی‌جارانی ، بەڵام هەروەکو لەپاشان سەرگوزەشتو ڕۆژگار دەری‌خستو ڕوونی‌کردەوە، دەرکەوت ئەوەی بەسەری سوپای ئێران‌دا هاتوە هەموی لەدەس‌قەسو لەعەمدەوە سەرچاوەی گرتوە وە هەمویشی بە پیلانو هەڵ‌نانی خومەینی خۆی‌بوە .

خومەینی بەچەن‌هۆ دوژمنی خوێن‌خۆرەی سوپای ئێرانەو هەرگیز دڵی لێ‌پاك ناکاتەوە . یەکەم ، چونکە لای‌وابو سوپا لایەنگری ڕژیمی پێشوبەو ئەفسەرە گەورەکان هەرکاتێ بۆیان‌بکرێ ئەو تۆڵەیە لەخومەینی ئەکەنەوەو ڕژیمەکەی لەناوئەبەن .

دووهەم ، خومەینی ئەبەویست هێزێك دروس‌کات کە هەموی مێشکی شورابێتەوەو وەکو ئاژەڵ لەبەردەستی خومەینی‌دا بێت « وەکو هێزی پاسدارەکان » ، جا ئەیزانی‌ی ناکرێت بەم‌ئاسانی‌یە ئەم‌باوەڕە بباتە مێشکی دەستەبێکەوە، کەبەپێچەوانەی ئەم هەستەوە ، ئەوان ساڵهای‌ساڵ مێشکیان بەجۆرێکی‌تر ئاودراوەو لایەنگیری‌کردن لەڕژیمی شاهەنشایی براوەتە مێشکیانەوە ، بەکورتی‌ی ئەم، زەوی‌و بەروبومێکی بورەی ئەویست کە هیچی تیا سەوز نەکرابێ ، ئیستە ئەم بەئارەزوی‌خۆی هەرچی خۆی ئەبەوێ ئەوەی تیاسەوزکات ، ئەمەش لەسوپایێکی دەسەمۆکراوی شا دا زۆر بەستەم ئەهاتەدی .

سێهەم ئەوەبو خومەینی دوژمنی ئەوسوپایەبو چونکە لای‌وابو ئەوسوپایە شای‌پاراستبو ، هەموکەسیش ئیستە دڵپیسی‌و کەللەڕەقی خومەینی بۆدەرکەوتوە وەئەوە نەماوە ئەم‌ونەو خومەینی بەئیمە بناسێنن خۆئیستە وەکو سەرەتای کار نیە خەڵك خومەینی نەناسێ وە وابزانێ بەڕاستی‌ی لەخواترسەو موسوڵمانەو بۆ ئیسلامی ئەکات ، ئیستە بۆهەموکەسێ ڕوونە ئەم کابرایە چ شەڕفرۆش‌و ڕقەبەرەکەرو دڵ‌ڕەق‌و خۆبەزل‌زانو لەخۆدەرچوێکە، وەچۆن هیچ بەتەنگی هەزاران هەزار کەسەوە نیە کەبۆ ڕقەبەرێکی‌خۆی بیان‌دا بەکوشت .

جا بەم‌بۆنەوە ئاشکرایە ئاواکەسێکی دڵ‌بیس هەر ئەبێ بکەرێ بۆتۆڵەکردنەوە وەبێگومان تۆڵەش لەسوپای‌ئێران ئەکاتەوە کە ئەوەندە سەرلەبەرو لایەنگری شابون .

خومەینی بەرلەهەموشتێ دەستی‌کردە ئیعدام‌کردنی گەورە ئەفسەرانی سەردەمی شا ، جارێ ئەوەی هەر بەناوی هێرشی خەڵکەوە بۆ سەربازخانەکان کوژران کوژران ، بڕێکیان بێ‌ئەوەی هیچ دەسیش‌بکەنەوە یان شتێ بڵێن هەر بەسەری مێزی ژورەکانی خۆیانەوە کوژران بڕێکیش هێنرانە دادگە ڕەواڵەتیەکانو بێ‌ئەوەی ماوەی هیچ قسەکردنێکیان بدرێت کوژرانو پارچە پارچەیش‌کران چەند کەسێکیشیان توانی‌یان خۆیان دەربازکەن بۆدەرەوەی وڵات ، تەنانەت لەویش هەرکەوتنە شوێنیان وە تائیستە چەندکەسێکیان لێ‌کوشتون .

پاش کەرماوگەرمی شوڕش کە ئەوهەموە ئەفسەرە گەورەیە کوژرانو دەرکران ، لەوەودوایش هەر چەن‌ماوەیێك‌و بیانوبێکیان ئەدۆزی‌یەوەو بڕێکی تریان لێ دەس‌چن ئەکردنو ئەیان نانەوە بۆ نیشانەی گوللە ، تەنانەت تەنها یەکجار لەهەمەدانا حەفتا ئەفسەری هێزی ئاسمانی‌یان نانەوە بوگوللە ، گۆڕاویستویانە لەدژی ڕژیم دەس‌بەکار بن .

بەڵێ شەڕی نهێنی‌و ئاشکرای خومەینی لەدژی سوپای ئێران ئەم شەش‌ساڵە هەر بەردەوام‌بوە .

لەهەموی دژکاریی‌تر بەرانبەر بەسوپای ئێران، دروس کردنی هێزی پاسدارەکانە ، بەڕاستی‌ی ئەم‌هێزە بۆیە دروس‌کرا بۆئەوەی کەم‌کەم ئەم پەروەردە بکەنو پەرەی پێبدەن وە وردە وردە سوپای ئێرانیش لاوازبکەنو لەچوارلاوە لێی کەم کەنەوەو لێی هەڵپاچن تا ئەیکەنە (هیچ) .

هەنگاوی گەورەیێك کە لەم ڕێکایەدا هەڵگیرا دروس‌کردنی وەزارەتی « سوپای پاسداران » بو ، بەڵێ ئەم هێزە « میلیشیا » یی‌و شپرزە ، کرایە هێزێکی خاوەن وەزارەتو (دەمەودەسگا) وە

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

مرۆڤ و بۆشایی

گۆڕینو ئامادەکردنی
● کەمال جەلال غەریب ●

(بەشی سێهەم)

زەوی بێشکەیەکی بیری مرۆڤایەتی‌یە ، بەڵام ئێمە ناتوانین ، هەتاهەتایە ، هەر لەم بێشکەیەدا بمێنینەوە ..

■ **قوستەنتین تسیولکۆفسکی(٢)** ■

گەشتکردن بە بۆشایی ئاساندا خەونێك بوو بە خەیاڵی (ئەندێشەی) مرۆڤدا دەهات . بەڵام مرۆڤ نەیدەتوانی ئەم خەونە بهێنێتە دی مەگەر بە چیرۆك‌و ئەفسانە نەبێت . لە ساڵی (١٦٠)ی زایینداً . دوو چیرۆکی یۆنانی بەدەست کەوتوون کە دەربارەی گەشت بەرەو مانگ بوون‌و لە ساڵی (١٥٠٠)زدا (وان هۆ ی چینی هەوڵی داوە کەبەرەو مانگ بڕوات . بەڵام بەخۆی‌و بەکورسی‌یەکەیەوە . کە (٤٧) موشەکی پێوە بەستبوو . سوتاوە .

هەروەها نووسەرێکی گریکی باسی ئەوەی کردووە کە چۆن پیاوێکی هەڵەشەی ئەفسانەیی تر دوو باڵی بۆ خۆی دروست کردووەو چۆتە سەر چیای (ئۆلیمپ) کە بارەگای خوداوەندە (آلهة) کۆنەکانی یۆنانی‌یەکان بووە . بۆئەوەی لەوێوە بەرەو مانگ بفڕێت . عەباس کوری فەرناسیش(٣) دەیویست بە ئاسماندا بفڕێت . لەبەر ئەوە لەشی خۆی بەپەڕ داپۆشیوەو دوو باڵیشی بۆ خۆی کردووە ، بەڵام ئەوەبوو کەوتە خوارەوەو ، بەبەکەم کەس دادەنرێت کە ویستبێتی بەهەوادا بفڕێت ، شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆی باسی فڕینەکەیان کردووە . تسیولکۆفسکی یەکەم کەس بوو کە لە ساڵی ١٨٩٨دا ڕاپۆرتێکی دەربارەی هەوڵوتەقەللای خۆی لە لێکۆڵینەوەی بۆشاییدا ، بەهۆی موشەکەوە ، بووسیوە . بێ‌گومان ئەگەر خەون نەبوایە ، لەتوانادا نەدەبوو ، بڕێکی کەم نەبێت ، لەکاروبار بهێنرێتەدی . بەڵام بۆئەوەی خەون بەرهەم بهێنێت دەبێت بخرێتە ژێر ڕکێفی ئەقڵەوەو لەسەر بنچینەیەکی ڕووداوی ڕاستەقینە بێت . هەرچەندە کە خەڵکی لە ماوەی (٢٠٠٠) ساڵی ڕابوردوودا بیریان لەوە دەکردەوە کە بەرەو بۆشایی ئاسمان بڕۆن ، بەڵام ئەم بیرەیان وای لێ‌نەهاتبوو کە لە سەر بنچینەیەکی زانیاریی‌یانە بێت ، لەسەدەی حەفدەهەمدا نەبێت ، بۆ نموونە زانای ئەستێرەوانی پۆلۆنی کۆپەرنیکوس(٤) بوو کە لە سەدەی پانزەهەمدا ، نەخشەیەکی تازەی بۆ گەردوون (کۆن) گەڵاڵە کرد ، بە وەی کە تیوری کۆمەڵەی (ڕۆژیی) خۆرئاوایی (المجموعة الشمسیة) بڵاوکردەوە . دەقی ئەم تیۆریە دەڵێت کە خۆر ئەتێکی ناوەندی (چەقی = مرکزی)یەو زەویش یەکێکە لەو هەسارانەی واتا ئەستێرەی گەڕۆك (کوکب سیار) کە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە . لەسەدەی حەفدەهەمدا (جۆهانس کیپلەر)(٥) ئەو یاسایانەی دۆزی‌یەوە کە دەست بەسەر جوولەی ئەو هەسارە دەستکردانەدا دەگرن کە بوونەتە پشکنەرێکی بۆشایی (مسبار فضائی) بۆ ئێمە . ساکارترینی ئەو یاساکەی کیپلەر . یاسای یەکەمە کە دەڵێت :- هەسارەکان لەسەر خولگەیەکی ئیمچە هێلکەیی (إهلیلیجی) ئە وەك بازنەیی ، بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە .

● **بەکارهێنانی خەیاڵ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستی :**

ئەو دۆزینەوانەی کە لە سەدەی حەفدەهەمدا ڕوویان داوە . کاریان کردۆتە سەر هەموو مەیدانێك لە مەیدانەکانی بیرو ڕۆشنبیریی مرۆڤ ، ئەوەك هەر گوڕیان دابێتە گەشەکردنی زانیاریی‌و تەکنۆلۆجی ، بەڵکو بووشنە هۆی بەهێزکردنی خەیاڵی مرۆڤ ؟ چونکە دوای دەیەها ساڵ لە داهێنانی یەکەم دووربین (منظار) ئەدەبێکی تەواوی تایبەت بە گەشت‌کردن لە بۆشایدا داهات ، کە تیایدا ، خەیاڵ‌و زانیاریی تازە دەربارەی ئەستێرەوانی تێکەڵ بەیەکتری بوون . لە ئێوان ئەم کارانەشدا کارێکە (کیپلەر)ی مەزن خۆی پێ‌ی هەستاوە ، شتێکی ئاسایی‌یە ئەگەر یەکەم هەوڵدان لەو خەیاڵی زانیاریی‌یەدا کە تایبەتی بە بۆشایی ، لە لایەن ئەو مرۆڤەوە بێت . کە یاساکانی ڕێڕەوی هەموو ئەو کەشتی‌یانە دەستنیشان دەکەن کە بەرەو ئەو دیوی زەوی گەشت دەکەن . لە کتێبەکەی کیپلەردا ، کە بە ناوی خەونەوە (النوم = سومنیوم) بووە ، وا نووسراوە کە ئەو گیانانەی (ارواح) خەڵکی هەڵدەگرن‌و بەرەو مانگ دەیان بەن . لە کاتی تایبەتیدا نەبێت ناتوانن بڕۆن . کە ئەویش کاتی مانگ گیرانە (الخسوف) . واتا کاتێك کە پەلە ستێبەرێك بۆشایی نێوان زەوی‌و مانگ دادەپۆشێت . ئەمەش چەمکێکی (مفهوم) نایابەو بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە کیپلەر وەکو زانا مەزنەکانی تر شاعیریش بووە . ئەوەی شایانی باسە کیپلەر وای داناوە کە مانگ خەڵکی تیادایەو . ئەو خەڵکانە لە زەوی‌یەو بۆی نەچوون . بەڵکو دابیشتوانی ئەوتۆن کە لەگەڵ باری تایبەتی مانگدا خۆیان گونجاندووە . کێبی خەون (النوم) بریتی بووە لە خەیاڵێکی زانیاری‌یانەی ڕاستەقینە . بەم جۆرە کیپلەر ئەرێتێکی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە ئریکەی سێ سەدەونیو بەردەوام بووە . لەبەرئەوە دانانی چیرۆکی ترینش دەربارەی فڕین بۆ جیهانەکانی تر بەردەوام بووە ، بەڵام ئێستاکە جیاوازی‌یەکە ئەوەیە کە ئەم گەشتانە هەر بەرەو مانگ نین ، بەڵکو بەرەو هەسارەکانیش . دوای کیپلەر چەند نووسەرێکی ترینش پەیدابوون . هەرچەندە کە بەرهەمەکانیان پلەیەکی بەرزیان داگیر نەکردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سودیان لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئەستێرەوانی نوێدا هەبووەو هەندێك جار زانستی‌ی ڕاستیان بە خوێنەران گەیاندووەو ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبووە کە لە ڕۆڵی فلیمەکانی کارتۆن دەچێت ، ئەو فلیمانەی کە لەم سەدەیەدا مێشکی ملیۆنەها منداڵیان بۆ سەدەی بۆشایی (عصر الفضاء) ڕاهێناوە . مەزنترین بلیمەت لە نێوان پێشەواکانی بۆشایی ئاساندا ، لە ئەدیبە بلیمەتەکانی سەدەی حەفدەهەم کە دەربارەی ئەدەبی کەشتی‌یەوانی بۆشایی نووسیویانە ، (سیرانۆ دی بێرجراك)(٦) بووە ، کارەکەی لە مەودایەکی فراواندا بووە ، چونکە ئەم بە خەیاڵ تەنها هەر بۆ مانگ نەچووە ، بەڵکو بۆ خۆریش‌و ئەخشەی چەند ئامرازێکی پاڵنەری بۆ ئەم چوونە داناوە : وەکو موشەك (صاروخ)و دەزگای فووکەرەی (نفاث) ئەوتۆ کە بە ووزەی خۆر (الطاقة الشمسیة) ئیش بکات . ئەم بە خەیاڵدا هاتنانە ، هەرچەندە کە بە ڕواڵەت ڕاستبوون ، بەڵام هەر بە ڕێکەوت (صدفة) ڕەچاو دەکرێن ، چونکە (سیرانۆ دی بێرجراك) ، کە ناوی موشەکی هێناوە ، ئەوەی نەزانیوە کە ڕێگەیەکی پاڵنانی ئەوتۆی دۆزی وەتەوە کە دەتوانێت لە بۆشایی ئاساندا کاربکات‌و تەنها ڕێگەشە . لەدوای ئەمەوە گوێ نەدانە ئەستێرەوانی‌و بیروڕای بوونی ژیان لە جیهانی تردا هەر بەردەوام بووە ، فەیلەسوف‌و نووسەرەکان هەر بیریان لە هەسارەکان کردۆتەوەو جۆرەها زیندەوەریان بە خەیاڵدا هاتووە کە دەشێت لەسەریان بژین‌و ، تەنانەت هۆی بەیوەندی‌کردنیشیان لەگەڵ ئەو جۆرە زیندەوەرانە پێشنیاز کردووە . بەشوێن شوێنکاری (آثار) ئاقلدا (الحیاة العاقلة) گەڕاون ، پێویستە بەوەش ناکات بڵێین کە هەندێك لە ئەستێرەوانەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم جۆرە شوێنکارانەیان دۆزی‌وەتەوە ، (بەڵام کەس باوەڕی پێ‌نەکردوون) بەوەشی وازیان نەهێناوە کە ووتوبانە ڕۆژێك دێت توانایی‌یەکی تەواو دێتە ئاراوە بۆ بەیوەندی کردن لە نێوان هەسارەکاندا ، بەڵکو زیاتر لەوەش لەو باوەڕەدا بوون کە دەشێت مرۆڤ بشکاتە ئەو

بڕوانە ل ١١

گەزاز

بەرهەڵکرنا ● تێلی صالح موسی ●

ئەفە ژنەساخی‌یێت دژوارە ، نەساخ گەلەك جارا بێ‌دەرن . ئەگەرێ فێ نەساخی‌یێ بەکتریایە ژتوخمێ دگەهیتە لەشێ مروڤی بریکا برینێت کویرو نەپاقژکری ، کاری دکەتە سەر دەماراو دەبیتە ئەگەرێ کرژبوونا زەفلەکا .

ئەڤ بەکتریایە دژیت لجهێت شینکاتی لێ‌مشە وەك :- « مێرگو چەما » هەروەسا دناف رویفیکێت هندەك گیانلەبەرادا دژیت وەك : « مروڤ - هێستر - کەر » . لێ دناف رویفیکادا چ ترس ژبو نینە . چونکی ناگەهیتە دەزگەهێ خوینێ‌و دەماررا .

ئەڤ بەکتریایە . ئەگەر دەوروبەرێ وێ یێ باش نەبیت دێ خوگهوریت‌و سپورا دروستدکەت . بڤێرێکێ بەرنگاری‌یا گەرماتی‌یێ و هشکبوونێ دکەت . ئەڤ سپورە لهەمی درا دمشەنە ، دناف پیاتی‌داو دناف توزو ئاخا نافمالێ‌دا لسەر هەمی ئامیراو هەمی‌تشتا . دێ مینیت سپور ئەگەر چ ڕێك نەدیتن بچیتەدناف لەشێ مروڤیداو ئەگەر دەوروبەرێ وێ یێ باش نەبیت بۆ ژیانێ .

ئەڤ بەکتریایە دگەهیتە لەشێ مروڤی بڕێکا برینێت کویرو دچیتە دناف دەزگەهێ خوینێدا . نەخاسمە ئەو برینداری‌یا لشەرا یان لرووبداوێت ریکادا چیدبیت ، یان هەر برینداری‌یەك لناف میرکا یان چەمادا چیدبیت ، چونکی ئەڤ بەکتریایە یابەلافە لناف جەم‌و میرگاو برینداریت شەرا یان ڕێکا دمیننە نەپاقژکری دەمەکێ درێژو برین دمینتە پیس . هەروەسا هەر برینداری‌یەکا سفك لناف مالێ وەك : « بزمار - شوینشە - چەقو یان دەرزی » ، ئەڤ ئامیرە هەمی دویرنینە بینە ئەگەرێ توشبوونا مروڤی بڤێ نەساخی‌یێ لچاخێ برینداربوونا لەشی بڤان ئامیرا .

ئەڤ بەکتریایە دچیتە دناف خوینێداو ژەهرەکێ درێژیت کو شانێت دەمارا خراپ دکەت‌و پیچدکەت ، هەروەسا کاری دکەتە سەر دەزگەهێ دەمارایێ بنکەهی ودبیتە ئەگەرێ گرژبوون‌و رەقبوونا زەفلەکێت لەشی .

● **نیشان :**

ئێکەم‌جار ئەڤ نیشانە دێ لجەم نەساخی دەرکەڤن :-

تایەکا گەرم - رەجفین سەرئێشان وەستیان - زەفلەکێت لەشی دێ رەق بن - نەشێت بێهنا خو بسانەهی هلکێشێت وخوارنێ داعویریت - میزا نەساخی دێ کێم‌بیت .

پشتی ڤان نیشانا بەرەبەرە دێ زەفلەکێت لەشی گرژبن‌و رەقبن ، نەخاسمە زەفلەکێت دەڤی - ستووی - زکی - پشتێ و دەستوپی‌یا . دەستوپێت نەساخی دێ‌مینن درێژکری‌و نەشێت

بڕوانە ل ١١

خەپلەکانی خوێن

گۆڕینی : جلال صدیق صالح

تەنۆلکەی ووردی خەپلەیی بێ ناوکن‌و ،جۆرێکن لە پێك هێنەرەکانی خوێنپاش خرۆکە سوورو سپی‌یەکانی خوێن .. تیرەبەندەکانە (٢ مایکرۆن) ژمارەشیان بە نزیکەیی ٢٥٠-٢٠٠هەزار خەپلە لە هەر میلیمەتر سێ جایەکی خوێن ،خەپلەکان لە باری ئاسایی‌دا لە شێوەی کۆمەڵەی‌هێشوویی دان .

سەرجاوەی دروست بوونیان موخی سووری ئێسکە لە جۆرە خانەیەك کە بە (خانەی‌ئەبارە گەورەی‌ فرەیلە ی‌وکی دەکدارن) دەناسرێت .. خەپلەکانی خوێن لە دوو جۆرە دەنکۆلە پێك‌دێن .

یەکەمیان :-

بە دەنکۆلەکانی ئەلفا دەناسرێن . کە بەر بریسکەی بۆ جێ‌بەجێ هێنانی کرداری خوێن .

دووەمیان :-

گلایکۆجین . ئەنزیمەکانی لایزۆزوم . کالسیوم‌و سبرۆتۆنین پێکی دەهێنن . خەپلەکان توانای شێوە گورینیان هەیە . لە کاتی کۆبوونەوەیان لە ناوچەیەکی بریندارداً ، کاتێك موولولەیەکی خوێن دوو جاری بجران دێت بە چەقۆ یان هەر ئامێریکی تر خەپلەکانی خوێن خۆیان دەگەێننە ماددەی کۆلا جین‌و (ریشاڵی تایبەتی‌و دیواری لوولەکانی خوێنیان پێك هێناوە) پێوەی دەلکێن، جا بە یارمەتی ماددەی سبرۆتۆنین (یارمەتی گرژبوونی لوولەکانی خوێن دەدات) باش چەند کردارێکی فەسلەجی خوێنەکە دەگیرسێتەوە .

دروستبوونی خەپلەکانی خوێن لە ژێر چاودێری ماددەی (ئرۆمبۆئینین)ە ماددەیەکە هانی موخی سووری ئێسك دەدات بۆ بنیادنان‌و دروستکردنی خەپلەکانی خوێن لە کاتی پێویست .. هاتنە خواردوە و کەم‌بوونی ڕێژەی خەپلەکانی خوێن بۆ (١٠٠ هەزار) دانە لە هەر میلیمەتر سێ جایەکی خوێن بە نەخۆشی دادەنرێت جا گرنگترین هۆیەکانی کەم‌بوونی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ :

١ - ناوسانی سپل .
٢ - شێرەنجەی خوێن
٣ - زۆر بە کارهێنانی تبشکی ئێکس .
٤ - بەکارهێنانی دەرمان و ماددەی کیمیایی بۆ نمونە (ئەسپرین) .
٥ - لە کاتی تووشبوون بەتای بەرزو ترسناك لەمانە گرانەتا .

وەرزش

قوربانیدان بە ژمارە ..

یان قوربانیەکانی تۆپی پێ ...

● یاری‌یە وەرزشیەکان دامەزراون بۆ خۆش و ئاشتی ناو گەلان و بۆ کات بەسەر بردنی خۆشی و بۆ خۆشەویستی‌و بەکترین ئاسین گەلان نەك بۆ شەڕ و شۆڕ و ئاخوش و کوشتن و بڕین. زۆر بەداخەوە یاری‌کاکانی جیهان بەتایبەتی یاری‌کای تۆپی بێ ئەم دەردە کوشندەیەیان بەخۆە دیوە و بووەنە هۆی کوشتنی دەیەها کەس‌و بریندار بوونی سەدان ..

لە شەوی چوارشەممەی ٣٠-٥-١٩٨٥ کات ژمێری دە و نیو .. تەلەفزیۆنی کۆماری عیراق هەڵسا بەکواستنەوەی یاری تۆپی پێ‌ی نێوان یانەی (لیفەر پول)ی ئینگلیزی و یانەی (یۆفانتس)ی ئیتالی .

کارەساتێکی ناخۆش . ڕوویدا لە نێوان لایەنگرانی تیمی (لیفەر پول) و (یۆفانتس) . پێش نیو کات ژمێر لە دەست پێ‌کردنی یاری‌یەکە (کە دوا یاری باڵەوانێتی کاس یانەکانی ئەوروپا بوو) ، ئەنجامی بەیەکدا چوونەکەیان بوو بەهۆی کوشتنی (٣٨) کەس لە جەماوەرەکە و بریندار بوونی دەیان کەسیش ،بگرە سەدان کەس و هەندێکیان بریندەکانیان زۆر سەختە .. ئەم ڕووداوە یەکەم ڕووداو نیە‌و بێ‌گومان دوا ڕووداویش نابێ چونکە یاری‌کاکانی جیهان زۆر لەم ڕووداوانەی نیشانداوە ..

ئەمە چەند ڕووداوێکی گرنگە کە لە هەندێ یاری‌کاکانی جیهان ڕوویداوە و بوونەتە هۆی مردنی چەند کەسانێك ...

● (٢٤)ی ئایاری ١٩٦٤ لە یاری‌یەکی تۆپی پێ‌دا کە تێیدا تیمی هەڵبژێردراوی (ئەرجەنتین) سەرکەوت بەسەر تیمی (پیرۆ) بە گۆڵێك بەرامبەر بەهیچ ،ئەم یاری‌یە یەکێك بوو لە یاری‌یەکانی خولی باڵاوتنی تۆڵەمپی . لەم یاری‌یەدا (٣٠٠) کەس مردن‌و لەناو چوون و (٥٠٠) کەسی تریش بریندار بوون .

بڕوانە ل ١١

عبدالستار جەباری
کەرکووك

رەنگین رەجەب کچەوەرزشەوانی لێ‌هاتوو

وەرزشی ئافرەتان لە پێشکەوتندایە

رەنگین رەجەب یەکێکە لەو وەرزشەوانە بە توانایانەی کە زیاتر لە سەرکەوتنێکی لە بواری وەرزشدا بەدەستی هێناوە ، ئیستاش خەریکی یاری تۆپی دەست‌و بالەیەو قوتابی کۆلیژی بەروەررەیە لە موسل بەشداری لە زۆربەی ئەو یاری‌یە وەرزشیانە دەکات کە لە شارەکانی کورد ستاندا ساز دەکرێت دەربارەی ئیارەزوی وەرزش‌و کورتەیەکی ژیانی دەڵێ :

- ناوم رەنگین رەجەب حسینە لە ساڵی ١٩٦٢ لە دایکبووم ئەمساڵ دواپلەی خوێندنم بوو لە کۆلیژی بەروەردەی وەرزش‌و لە بەکەمەکان بووم .. تائێستا لە چەندان یاری‌و وەرزشی‌دا بەشداربووم .

پ : لێرەدا دەرنەکەوی کە تۆ ناشتایەتیەکی تەواوت لەگەڵ وەرزشدا هەیە ؟

و : وەرزش لە خوێنم تواوەتەوە ..

پ : واتە وەرزشی‌ی بەتەواوی بەسەر دەکەیتەوە؟ ئاخۆ چۆنی دەبینی ؟

و : بێ‌گومان وەزارەتی لاوان تەمەللایە کی گەورەی داوە لە پێناوی گەباندنی وەرزشکاری لە عیراقدا ، بێ‌گومان ئەم بایەخ دانە وەرزش ئافرەت دەگرێتەوە ئەگەر بەراووردی بکەین بەتەواوی هەست بەوە دەکەین کە چ کۆزانێك هەبە لەو لایەنەدا .

پ : ئەی ئافرەتانی ناوچەکەتان ؟

و : ڕاستی‌یەکەی ئەو جموجۆڵەی کە لە شاری سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك‌و هەبە ئومێدێکی چاکی لێ‌دەکرێت‌و هەندێ لەوانەش نیستا ئەندامی کاران لە هەڵبژاردەی نیشتمانی کە ئەمە جێگای شانازی‌یە بۆ هەموومان .

پ : لەوانە ؟

و : زۆرن . بەڵام ئەوانەی لە بادمن سمیرە زیا لە دهۆك‌وە باسمە لە هەولێرو رازاو عبدالرحمن لە سلێمانی .

پ : ئەی تۆ ؟

و : ئەمەیان دەگەیتەوە سەر جەماوەر خۆی .

پ : ئایا بەشداریت لە خولی وەرزش داهەیە ؟

و : ئیستا هەڵبژاردەمان خەریکی خوئامادەکردنە بۆ خولی مەغریب‌و هیوامان گەلیك زۆرە کە بتوانین شتێك بە ئەنجام بگەیەنین .

پ : چیت هەیە بێژێ‌ی بۆ خوێنەران ؟

و : جێ‌شانازیەکە زۆرنامەی هاوکاری بایەخ بە وەرزشی بدات‌و چالاکی وەزرش بە کوردستاندا بەسەرکاتەوە .

ئامادەکردنی
عبدالحکیم مصطفی رسول

Institut kurde de Paris

لە چیرۆکی ـ پاشماوە

بیکاتە دووکەرتی لە ناوەڕاستەوە . « نیوەی‌یە نەمیان هەردوو نمان تیا بەشدار دەبین . نیوەی دووەمیش بیە بۆ نەو خیوەتە دبکەی کە پیرە ژنیکی تیدا دەژی کۆشتەکەی بدەرێ‌و چاودێ نە تا وەکو مەنجەلەکەت دەداتەوە » . کچەش کۆشتەکەی هەلگرت .. و ڕێگای گرتە بەر .. ڕەشەباو زریانیش لوورەی دێ ، بەفر بە چڕی تێی‌کردوە ، ووەیشوومەو کڕیوەیە ، چاو چاو نابینێ . کچە ماوەیێ ڕۆیشت نەمجار کۆشتەکەی تووڕ دایە نێو بەفرەکەوەو بە مەنجەلی بەتالەوە گەڕایەوە . کوتوورا تەماشایەکی کردو هیچی نەووت . پاشان هەندێ پێستی دایە بیدووری‌و بیکات بە جل‌و پۆشاك .. خۆشی بەرەو تایکا لێیدا ڕۆیشت . نەوەندەی پێ نەچوو دەرگا لادرا و پیرە ژنیکی پرچ سپی خۆی کرد بە ژووردا ووتی : « کچی ئازیزم .. لکێ کەوتووەتە چاوم نکام وابنە بۆم دەربێنی » کچە وەڵامی دایەوە : « مەم شلەژێنە دەستم لە کاردایە » .

پیرە ژنیش بێ نەوەی هیچ شتێك بڵێ بەجێی هێشت .

نەو نێوارەیە کاتێ کوتوورا لە ڕاو هاتەوە پرسی « ئایا جلەکانت بۆ تەواو کردووم ؟ » کچە وەڵامی دایەوە « نەوەتا لەوێدان » . کوتوورا لە بەری‌کردن ، سەیری کرد زۆر تەسکن‌و چاك نەدووراون . زۆر تووڕە بوو ، کچەی دەڕبەڕاندە دەرەوە . هەر لەم کاتەشدا ڕەشە باو زریان توندو تیژ تر بوو و وبۆلەو نەڕەی دەهات وەك دێوی بیابان‌و کێوان .

خەلکی لە هەموو شوێنێ هەلدەلەرزین و خەریك بوو پەڕدەرکەن لەسەرماندا . نەیان دەتوانی هیچ ڕاوێ بکەن چونکە هەموو گیانلەبەران خۆیان شاردبوەوە ، چاو چاوی نەدەبینی جگە لە تەم‌و مژی سپی نەبێ . منداڵان لە برساندا دەگریان ، و دایکانیش هیچ نەبوو بیاندەنێ .

« وا بزانم کچە گەورەکەم ئامۆژگاری‌یەکانی منی بەجێ نەهێناوە » پیرە لە بەر خۆیەوە دەیوت . « بۆیە کوتوورا ئەوەندە تووڕەیە .. کچی ناوەنجیم تۆبڕۆ بۆلای » . بەڵام کچی ناوەنجیش پەبڕەوی ئامۆژگاری‌یەکانی باوکی نەکرد . کوتوورا ئەویشی وەك خوشکە گەورەکەی دەڕبەڕاند . زریان تا دەهات توند تر دەبوو ، دارو بەردی بە یەکدا دەداو خەلکێکی زۆری بێ لانەو جێگەکرد . « ئێستاش نۆرەی تۆیە .. کچە بچووکی خۆشەویستم » پیرە بە هەناسە هەلکێشانەوە وتی « من حەز ناکەم تۆ دوورکەوتیەوە لێم بەڵام خەلکەکەمان هەموو لە برسا دەمرن » . کچە بچووکیش کوێرانە ڕێگای گرتە بەر ، چونکە بەفر هەموو جێگایەکی داپۆشیبوو ڕەشەباو زریان جلەکانی ئالوزاند .. پێڵاوەکانی پڕ بوون لە بەفر ، بەڵام کچە باکی نەبوو و بێ وچان دەڕۆیشت ، سەرماو زریانی پشت‌گوێ خستبوو .. و بە تەواوی فەرمانەکانی باوکی بەجێ دەهێنا . هەر کەسەر کەوتە سەر گردەکە باڵندەیەکی بچووك بەرەو ڕووی هات .. ئەمیش بە پێچەوانەی دوو خوشکەکەیەوە هەڵی نەفڕاندو بە هێمنی دەستی بەسەر پەڕەکانیدا دەهێنا . پاشان دابەزی‌یە خوارەوەو ڕاستەوخۆ چووە مالی « کوتوورا » کە کوتوورا بینی بە خۆشی‌یەوە پێکەنی ووتی « چۆن بوو و بۆ چی هاتی بۆ ئێرە ؟ » ـ « هاتووم تکات لێ بکەم ئەم زریانە ڕاوەستێنی .. خەلکی زستانە هەوارەکەمان هەموو خەریکە دەمرن » ـ « زۆر چاکە ڕامەوەستە وەرە ئەم گۆشتە لێ نێ .. برسیمە ، وا بزانم تۆش ماندوو برسیت چونکە لە ڕێگەی دوورەوە هاتووی » . کچەش مەنجەلەکەی پاك شۆردو خێرا گۆشتەکەی کولاند ، ئەمجار کوتوورا فەرمانی پێکرد کە نیوەی ببا بۆ دەوارەکەی دیکە ، کچەش مەنجەلی هەلگرت‌و چووە دەرەوە . نەیدەزانی چ ڕێگایە بگرێتە بەر .. ڕاوەستا و بیری کردەوە ، پاشان بڕیاری‌دا بڕوات‌و قەی کوتوورا نەشکێنێ . لە ناکاو باڵندە بچووکەکەی سەر گردەکە دەرکەوت‌و دەستی کردە خولانەوەو باڵەشەکێ‌کردن بەسەر کچەدا وتێی‌گەیاند کە دوای کەوێ . کچەش شوێنی باڵندەکە کەوت .. پاش ماوەیەك بینی دوو کەڵێك لە بەفرەکەوە بەرز دەبێتەوە .. دەرگایەك کرایەوەو پیرە ژنێك وەدەرکەوت‌و پرسی : « تۆ کێی ؟ وبۆ چی هاتووی ؟ » کچەش لە وەڵامدا وتی : « ئەوە هەندێ گۆشتم بۆ هێناوی داپیرە » ـ « سوپاس ، سوپاست دەکەم کچە ئازیزەکەم .. بمدەرێ ، بەڵام لێرەدا چاوەڕێکە » . کچەش چاوەڕێی کرد .. زۆری پێ چوو .. تا وای لێهات نزیك بوو لەشی ببەستێ .. لە دوایی‌دا پەردەی ژوورەوە لادرا ، پیرەژن وەدەرکەوت‌و مەنجەلەکەی گەڕاندەوە هەندێ شتی خستبووە ناو . کچە کە گەڕایەوە بۆ مالی کوتوورا ڕوانی پاداشتی پیرەژن چەقۆیەك‌و چنگاڵێك‌و داو دەزوو هەندێ دەرزی‌یە . کوتوو ڕاپێکەنی‌و وتی : « دەبینم شت‌و مەکی بە سوودت پێ‌یە ، هەندێ جلی نوێم بۆ بدووڕە . وا من دەڕۆم بۆ ڕاو » . کچەش دەستی کرد بەکار کردن بەڵام بە تاقە ڕۆژێك چی دەکرێ ! لە پڕ هەمان پیرەژن کە کچە گۆشتەکەی بۆ برد خۆی کرد بە ژووردا‌و وتی : « یارمەتیم دە لکێ لە چاومایە دەری بێنە تو خوا .. » کچەش دەسبەجێ کارەکەی خۆی بەجێ هێشت لکەکەی لە چاوی پیرە ژن دەرهێنا . « زۆر باشە چاوم ئازاری نەما .. تۆ یارمەتیت دام منیش دەبێ یارمەتیت بدەمەوە » ئەمەی ووت و ماڵەکەی بەجێهێشت . زۆری پێ نەچوو لەگەڵ چوار کیژۆڵەدا گەڕایەوە ووتی : « ئەمانە یاریدەرتن .. بە هەر پێنجتان دەتوانن کارەکە خێرا ڕاپەڕێنن » ئەمجار هەموویان دەستیان کردە بڕین‌و دووربنی جلەکان کاتێ کوتوورا گەڕایەوە هەموو جلەکان تەواو بوو بوون ، کە لە بەری‌کردن زۆر ڕێك‌و پێك بوون‌و بە خۆشی و زەردەخەنەوە پێی وتن « ئێوە جێی ڕەزامەندیمن .. کیژۆڵە نازدارەکانم .. دڵتان زێڕە و ئیشتان نەخشینە .. ئێوەی نەترس‌و گورج‌و گۆل لە ڕەشەباو زریان نەترسان .. چونکە ویستنتان کۆمەڵگەکەتان ڕزگارکەن .. ئێوە ئافرەتی جوان‌و خاسن ، مێردم پێ بکەن .. دایکم‌و خوشکەکانم ئێوەیان خۆش دەوێ ، بمێننەوە لە ماڵەکەمدا بە درێژایی ژیان » .

هەر کە ئەم قسانەی کرد ڕەشەباو زریان نەماو کپ بوەوەو ئەو خەلکەی کە زۆری نەمابوو سەرماو بۆڕ لە ناوبان با لە ڕەشماڵەکانیان هاتنە دەرێ . پیاوان چوون بۆ ڕاوکردن .. ژنان کەوتنە ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵ .. منداڵانیش دەستیان کردە یاری‌کردن بە خۆشی‌و شادی‌یەوە .

● **سەرچاوە :**

گۆڤاری سپۆتنیك Sputink ژمارە ٥ مایسی ١٩٧٤

(١) ئیفینك : یەکێکە لە گەلانی یەکێتی سۆڤیێت .

دوژمنایەتی ـ پاشماوە

ورده ورده تەنگی هەڵچنی بە هێزی سوپای ڕاستەقینە ، تا ئاڵەماوەیەدا لەناکاوێکا فەرمانێك لەلایەن خومەینی‌یەوە دەرچو کە دەستور ئەدات بە فەرماندەری هێزی پاسداران کە ئەبێ زوبەزوو هێزی ئاسمانی‌و دەریایی‌و زەوینی‌ی دروس‌کرێت بۆ هێزی پاسداران بۆئەوەی بکرێتە سوپایێکی بەتەواومانا .

بەڵێ ئەمجارەیان خومەینی بەتەواویی ئیهادی دەرونی خۆیی سەبارەت بەسوپای ئێران دەرخست ، وە ئەم بڕیارە دەری‌ئەخات ڕژیمی ئاخوندی عەجەم چۆن هەرگیز باوەڕی بە سوپا نەبوەو نایێت وە چۆن کەم‌کەم پیلان ئەنێتەوە بۆ لەناوبردن‌و سەر خواردنی . ئەگینا لەکوێی جیهان‌دا بینراوە سوپا لەناوی سوپادا، !!!! خومەینی ئەگەر دڵی لەسوپای ئێران پاك‌بوایێ ئەوخەرجەی ئەی‌کرد بۆ دروس‌کردنی سێ‌هێزی « لاوەچ » بۆ هێزی پاسداران ، بەو سەرمایەو پارەیە سوپای ئیرانی پێ‌بەهێزو ڕێك‌وپێك ئەکرد ، ئەك لە بەرابەریەوە هێزیکی تری بۆ قوت کاتەوەو وەکو موی‌لوت بیکاتە کۆسپ بۆی .

بەڵام شتەکە ئاشکرابە ، لە دایك‌بونی ئەو هێزانەو گۆڕکردن‌و تواندنەوەی سوپای ئێران پێکەوە ئەنجام ئەدرێن هەرچی ئەو تۆزێ باڵا ئەکات‌و گەشەی پێ‌ئەدرێ ئەم لەماوە کزو لاواز ئەبێت‌و لە ڕەونەق ئەخرێ وە لەدەماخ ئەکەوێ .

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش ئایا سوپای ئێران هەروا کش‌ومات دانەنیشی و ئەبێتە تەماشاگەری گۆڕهەلکەندنی خۆی ؟

ئایا کاربەدەستانی کۆن‌وتازەی سوپای ئێران ئامادەنەبن بۆئەوەی بە دەستی خۆیان بەلگەی مەرگی خۆیان‌و سوپاکەیان مۆرۆئیمزاکەن ؟

ئەمانە پرسیارێکن ئەبێ چاوەڕوانبین لە ئایندەدا وەڵامەکەیان ببیسین وە ببینین . هەروەها چاوەڕوانی تێك‌چون‌و لێك‌دانێکی گەورەی نێوانی ئەم‌دوهێزەبین .

پێنج ـ پاشماوە

پەرەی سەندووەو هەموو لایەکیانی گرتووەوە ، بەرهەلستی دژی ڕژێم‌و ، دام‌و دەزگا نارەواکانی ڕژێم پتر بووەو هەموو گەل خۆی لە ڕژێم کێشاوەتەوەو ، نارەوایی ئەو ڕژێمەی بۆ دەرکەوتووەو ، لەلای گەلانی جیهانیش نارەوایی ئەو ڕژێمە دەرکەوتووەو ، پەیوەندی‌ی لەگەڵ زۆربەی گەلانی جیهان‌دا زۆر کز بووە ، بەلکو پچڕاوە .

لەم دوایی‌یەیش‌دا باری ئابووری یان تەواو بەرەو کزی‌و شکستی‌و بێ هێزی چوو ، بە تایبەتی پاش ئەوەی عیراق بە هۆی فڕۆکە تیژڕەوەکانیەوە ، بۆ چەندین جار هێرشی بردە سەر دوورگەی خارك‌و بە ئاگرو بۆمبا لە بنەوە هەڵی‌تەکاندو شادەماری ئابووری‌ی ئیرانی بە تەواوەتی لە ڕەگەوە هەلکێشا ، بەمەیش لێدانێکی گەورەی لە ڕژێمی بۆگەنی قوم‌و تاران داو ، بەرەو مردن‌و نەمانی هەمیشەیی بردو ، بنکەی داهاتی ئابووری‌ی بۆ هەمیشە هەلتەکاند .. ئەمەیش وای کرد ، فەوتان‌و نەمانی ئەو ڕژێمە جەنگ‌خوازو ئاشتی نەویستە نزیك ببێتەوەو خۆی لە هەلدێری مەرگێکی بێ‌دەرمان‌و چارەنەکراودا ببینێتەوەو تاڵاوی مەرگ بچێژێت !!

عیراقیش بە پێچەوانەوە ، لەوپەڕی بەهێزی‌و پتەوی‌ی ناوخۆدایەو ، باری ئابووری‌ی گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر باش ، بەتایبەتی پاش فراوان‌کردنەوەی بۆڕی‌یەکانی نەوت ناردنە دەرەوەی لە ڕێگای عەرەبستانی سعودیەوەو لە ڕێگاکانی دیکەیشەوە ، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا ووزەیەکی خراوە سەری ووزەکانی دیکەیە ، کە گەل‌و نیشتمان توانیبان لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا ، بە سەرکردایەتی‌ی سەرەکی تێکۆشەرمان خەباتگێڕ صەدام حسین ، سەرکەوتن بەسەر چەپەڵ‌ترین دوژمن‌دا تۆمار بکەن‌و بۆ هەمیشە خەونە چەپەڵەکانی بنێژن‌و بەوورەبەرزی‌و بازووی پۆلایین سنوورو خاکی نیشتمان بپارێزن !

گەزاز ـ پاشماوە

بڕێقە بچیت ـ ددانێت وی دێ لسەر ئێك شدیێن ـ وەکی بشکورینەکێ دێ لسەر لێقا دیاربیت ـ پشتا نەساخی دێ پیچەك خواربیت ـ تایەکا گەرم دێ نەساخی گریت‌و گەرماتی‌با لەشی دێ‌گەهیتە « ٣٩٫٥ » پلێت سەدی .

نزیکی نیفەکا نەساخێت ڤێ‌نەساخی‌یێ دمرن. گەلەك جارا ئەڤ نەساخی‌یە دبیتە ئەگەرێ تێکدانا نفستنێ و تێکدانا کارێ دلی و کولبونا سها لجەم نەساخی .

ڕەنگەکێ دی یێ ڤێ نەساخی‌یێ کو بچویکێت سافا دگریت ، ئەوژی دەمێ بڕینا نافکا بچویکی ب ئامیرەکێ نەیێ پاقژ دێ ئەڤ بەکتریایە کەهتە خوینا بچویکی‌و دێ توش‌بیت .

● **پاراستن :**

ئەڤ نەساخی‌یە گەلەکا بترسەو یا هەژی‌یە ئەم خو ژێ بپارێزین بەهەرچی ڕێکا هەبیت ، بەری کو بەرەنگاری مروڤی ببیت . پاراستن ژڤێ نەساخی‌یێ بڕێکا پاراستنا بریندار بونی‌و نەهێلن لەشێ بریندار یان جهێ بریندار پیس‌ببیت نەخاسمە ل‌ناڤ مێرگ‌و زەڤیاو هەروەسا ل‌مالێ .

پاقژکرن‌و چاڤدانا برینێت سڤك نەوێت ل‌ناڤ‌مالێ ئەنجامێ ئامیرێت پیس چێدبن ، نەخاسمە لجەم زارۆکا . هەروەسا نەهێلن زارۆك بێ‌پێلاف بگەرن ، یان یاریا بئامیرێت تیژ بکەن . ئو ئەگەر هەر برینەك ڕوویدا « ئەگەر بزانن یاکویرە » زویکا بگەهینە خەستەخانێ بو لێدانا دەرزی‌یا دژی گەزازێ و نەهێلن نەساخی کاری ل‌سەر بکەت‌و نیشانێت مەزن لجەم نەساخی دەرکەڤن‌و نەساخی پترلێ‌بێت .

هەروەسا پێتڤی‌یە نەساخی دویربێحن ژ روناهی‌یێ و دانە جهەکێ بێ دەنگ ، چونکی گرژبوونا زەڤلەکا پتر لێ دێت بروناهی‌یێ‌و دەنگێت بلند .

یاهەژی گوتنێ‌یە بێژین کو هەمی یان بارا پتر ژ زارۆکا بەرگری‌یا هەی دژی ڤێ نەساخی‌یێ ، چونکی هەمی زارۆکا دەرزی‌یا دژی گەزازێ لێ ددەن ل‌ژی‌یێ (٣) و (٤) و (٥) مەهی‌یێ و دووبارە ل‌ژی‌یێ ئێك ساڵی‌یێ ، تەوژی دەرزی‌یا « سێ‌یانی‌یە ـ اللقاح الثلاثی » دژی سێ نەساخی‌یانە . هیڤیدارین هەر زارۆکێ ئەڤ دەرزی‌یە لێ‌نەدای بلا ببەنە خەستەخانێ و ڤێ‌دەرزی‌یێ بو دانن دا ژڤان تەنگاڤی‌یا قورتال ببیت و توشی ڤێ نەساخی‌یێ نەبیت .

قوربانیدان ـ پاشماوە

● لە ساڵی ١٩٦٩ دا . هەزارەها کەس لەناو چوون بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان (سلفادۆر) و (هندۆراس) بەهۆی ئەو ناخۆش‌یەی کە لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا لە یاری‌یەکی تۆپی پێ‌دا .

● لە ساڵی ١٩٧١ دا . لە یاری‌یەکی ناخۆیی لە (ئوسکوتلەندا) لە نێوان تیمی (کلاسکۆ ڕینجرس) و (وستلك) ، (٦٦) کەس کوژران لەڕووداوێکی تێك دەردا کە بووە هۆی بەڕێوە نەبردنی یاری‌یەکە بە شێوەیەکی ئاسایی .

● لە ساڵی ١٩٧٥ دا . (٣) کەس کوژران لەیاری کۆتایی کاسی ئەرجانتین لە نێوان یانەی (لابلاتا) و (ستاد یانتس)ی ئەرجەنتین .

● لە ساڵی ١٩٧٩ دا . کوژرانی (٢٤) هاوڵاتی لە شاری (الاغۆس)ی نیجیری لە کاتی یاری‌یەکی خولی ناوخۆیی نیجیریا .

● لە ساڵی ١٩٨٠ دا. لە شاری (کەلکەتا)ی هیندی (١٢) کەس کوژران لە یاری‌یەکدا .

● لە ساڵی ١٩٨٢ دا. لە یاری‌یەکی تۆپی پێدا لە نێوان هەردووبانەی (دیبۆر تیفز) و (ئەمەریکا)دا، (٢٤) کەس کوژران و (٢٠٠) کەسیش بریندار بوون .

● لە (٢٨)ی شوباتی ١٩٨٤ دا .

جەماوەری (بەریتانیا) بوونە هۆی ڕوودانی زیانێکی زۆر بەکۆگاکانی چوار چێوەی یاریگای (پارك دی برنس)ی پاریس پاش ئەوەی تیمی فەڕەنسا سەرکەوت بەسەر تیمی ئینگلتەرا بەدوو گۆل بەرامبەر بە هیچ . ئەوەی شایانی باس بێت نرخی زیانەکە بە (ملیۆنێ) دۆلار لە قەلەم درا ..

ئاسۆی ـ پاشماوە

سەرەوا دەبێ ئەگەر تەماشای کێش بە واتا کۆنەکە نەکەین کە دەڵێ ئەمیش باری سەرباری وتنە ئەوا ئەمەش خەیاڵە ئەینا ئەو شاعیرەی کە کێش لەوتنیا ئاسایی رێ دەکا بەسەردەمیەوە بە چەشنی زمان ڕەوانی‌و واتا لە جێدا نە پێش وتنەکەی دەکەوێ‌و نە لە دواوەتەکەی دێ ئەو کێشە دەبێ بە خولقاوێکی زمانی‌و بەشێکی جیانەکراوە لە هۆندەنەوە . ڕاستی‌راستە کە شیعر لە گەڕانیا بەدوای زمانێکی نوێ‌دا بۆ ئەوەی دەربازبێ لە زمانی کۆن ناچار بوو لاڕێ بکات لە کێشە کۆنەکان ئەمەش زۆر جیاوازە لەگەڵ فڕێدانی کێش بە یەك‌جاری کە گوایا مەرجی نوێ خوازی‌یە ! ئەو شاعیرە نوێ خوازانەی خۆیان دەربازکرد لە دەستی کێشە چاولێ‌کەری‌یەکان لەبەر سووك کردنی باری شان‌و ئاسان کردن نەبوو ، بەلکو بە چەشنێ دەست بەردار بوون لە کێش کە هۆنینەوە لە چامەکانیان‌دا نەکەوێتە کێشمەکێش لە تەك شیعردا .

ـ ماویەتی ـ

مرۆڤ‌و ـ پاشماوە

ئەستێرانە . لەم مەیانەدا کۆششەکەی (جول ڤێرن)(٧) ، لە پێناوی گۆڕینی ئەم هەلوێستەدا ، لە کۆششەکانی ئەوانی تر کەمتر نیە . ئەو کێبەی (لە زەوی‌یەوە بۆ مانگ) کە لە ساڵی ١٨٦٥دا بڵاوی کردۆتەوە ، لە ڕاستیدا ، بریتی بووە لە ڕەشەکێکی (مسودة) ئەندازیاری‌یانە بۆ پرۆژەی گالیسکەیەکی بۆشایی (مرکبة فضائیة). لەو ڕەشەکەدا ئەو گیروگرفتانەش پیشان‌داوە کە دەشێت بێنە بەردەم‌و زۆر بە ئازایی‌یەوە هەولی چارەسەرکردنی داون . ئنجا بەهۆی ئەو شارەزایی‌یە نایابەی کە هەیبووە لە مەیانی زانیاری‌و ئەندازەدا بۆی دەرکەوتووە کە گرنگترین گیروگرفت لە بەردەمی فڕین لە بۆشاییدا ئەوەیە کە پێویست بەخێرایی‌یەکی سەرەتایی بەتینی ئەوتۆ دەکات کە گالیسکەکە لە هێزی ڕاکێشانی زەوی (قوة جاذبية الارض) دەرباز بکات . ڕاستە کە ئەو تۆپە مەزنەی بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی کردبوو چارەکردنێکی زۆر سەرەتایی‌و ساده بووە ، بەڵام هەڵبژاردنی شوێن بۆ تۆپەکە [٢٧٠ کیلۆمەتر دوور لە ناوچەی کیپ کەنەدی‌یەوە] یەکێك بووە لە سەیرترین ڕێکەوتی ئەدەبی ، ئەگەر تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر دەرچوونی کتێبەکەدا ڕەچاو بکەین‌و پانی زەریاکە بپێوین دەبینین کە نیشانە گرتنەوەکەی واتا تیر ئەندازی‌یەکەی (ڤێرن) خراپ نەبووە . بەزۆری وا دەردەکەوێت کە (ڤێرن) خۆی کەموکوڕیی (تۆپی بۆشایی)یەکەی خۆی زانیوە . کەموکوڕیی تۆپەکەی لێ‌دەرچێت ، دەتوانین بڵێین ، کە (ڤێرن) بەتەواوی مەوزوعەکەی چارەسەر کردووە . ڕۆمانەکەش (رواية) ، بەتێکڕایی ، دڵنیایی‌یەکی ئەوتۆ بڵاو دەکاتەوە کە تەکنۆلۆجی دەتوانیت هەموو گیروگرفتێك چارەسەر بکات‌و ئەو کتێبەی کە بە ناوی (لەزەوی‌یەوە بۆ مانگ) بووە هێشتا هەر شایەنی خوێندنەوەیە ، چونکە بەدڵێکی خۆش‌و تێڕوانینێکی تیژەوە نووسراوەتەوە . جگە لەوەی هەندێك لەو پێشبینی‌یانەی کە تیایدا باس کراون ، لە دواییدا ، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاتونەتە دی . دەتوانین بە دڵنیایی‌یەوە بڵێین کەوا (ڤێرن) یەکەم کەس بووە مەوزوعی پزیشکێتی بۆشایی (الطب الفضائی) ، بەو شێوەیەی کە ئیمرۆ زانراوە ، پیشان داوە . ئەندامەکانی‌یانەی تۆپ (نادي المدفع) کە ڕۆمانەکە باسیان دەکات ، ڕاستی تیوری‌یەکانی خۆیانیان تاقی‌کردۆتەوە بەناردنی پشیلەیەك و سەمۆرەیەك لە گوللەیەکی بۆشدا . هەرچەندە کە خێرایی گوللەکە بەرەبەرە پتردەبوو ، پشیلەکە هەر بە زیندوێتی ماوەتەوە ، بەڵام ، بە چڕنووك سمۆرەکەی کوشتووە . هەروەها (ڤێرن) باسی ئەو بەربەرەکانی‌یەی کردووە کە لە نێوان دوو ناوچەکەی (فلۆریدا)و (تەکساس) لەسەر خاوەنێتی بنکەی تەقاندنی تۆپەکە ، ڕووی‌داوە . دوای ٩٠ ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ، ناکۆکی‌یەکی ، وەکو ئەوەی کە باسمان کرد ، لە نێوان کۆنگرێس‌و ئەو فرمانگە (دائرة) میریی‌یە ئەمریکی‌یانەدا ڕووی‌داوە کە پەیوەندی‌یان بە بۆشایی‌یەوە هەیە . گەرچی (ڤێرن) خۆی ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کە ڕۆژێك دێت وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، هەموو بەیانی‌یەك ، بەقەدەر تەواوی ئەو بۆدجەیەی (میزانية) کە (ڤێرن) پێشنیاری کردبوو بۆ گەشتەکەی مانگ ، بۆ مەبەستی کاروباری بۆشایی خەرج دەکات ، (ڤێرن)و هەروەها پێش ئەمیش (کیپلەر) گەلێك لایەنی‌کەوەویان بۆ پەبدابوو بوو کە ئیمرۆ کەس ناویان ناهێنێت‌و هیچ کامێك لەو لێشاوی ئەدەبی بۆشایی‌یەی (ادب الفضاء) کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا نەوەستاوە نەمرنیە ، ئەو بەرهەمانە نەبێت کە (ئیچ. جی. وێلز)(٨) لەکاتی گەنجێتیدا نووسیونی بۆ نموونە بەرهەمی : یەکەم مرۆڤ لە سەر ڕووی مانگ (اول انسان على سطح القمر)و جەنگی جیهانەکان (حرب العوالم) کە دوو بەرهەمی نایابی نەمرن . بێ‌گومان چەندەها نەوەی (جیل) دوای ئیمەش هەر خۆشی لە خوێندنەوەیان دەبینین .

ـ ماویەتی ـ

ئەگەرو ـ پاشماوە

ئابووری یەوە ڕافە دەکات بەپێی :

١ ـ لەچ چینێکی کۆمەڵایەتی‌یە ؟ چینی مام ناەندە یا هەژارەکانە یا بۆرژواکانە ؟

٢ ـ ئیشی چی‌یە ؟ چۆنێتی ئیشەکەی ... کاتی و کرێی مانگەکەی چەندە ؟! لە ئیش‌کردنەدا سستە یا گورج‌وگۆڵە ؟!

٣ ـ باری ڕۆشنبیری و زانستی لەچی‌دایە ؟ لەچ وانەیەکدا زۆر سەرکەوتوو بووە زانستی‌یەکان یان ئەدەبی‌یەکان ؟ ئەو وانانەی کەتیایا لاواز بووە ... کامانەن ؟ شەهادەت نامەی هەیە ؟ پاشان ئامادەیی و توانای چەندە بەرامبەر زانستی فیزیا و کیمیاء و ئەندازە و زانستی سروشتی و کۆمەڵایەتی و مێژوو ئەفسانە و ... هتد ؟

Institut kurde de Paris

هەر جارەی نوسینێك

بۆ سەرکردە

ـ هەڵەت محمد ـ

● کە قەڵەم دەگرمە دەست .. دەمەوێ باسی تۆ بکەم .. تەماشای چاوەکانت دەکەم ؛ هەموو تیشکێکی خۆشەویستی تێدا دەبرسکێتەوە.. چاوەکانت خۆری ئەم وولاتە سەر بڵندەبە کە هەرگیزاو هەرگیز چۆك نادانەوە ... دەنگی زولالی کپ نابێت .

● لە تۆوە فێری خۆشەویستی بووین ... فێربووین چۆن بەرگری لە دارو درەختو دەشتو چیا بکەین ... چۆن زەردەخەنەی منداڵی قشتیلە بپارێزین کە وێنەی تۆیان کردۆتە مەدالیا ... فێربووین چۆن بەرەنگاری دەستە رەشەکان ببینەوە کە درێژ دەکرێنە سەر وولاتە پڕ عەشقەکەمان ؛ چونکە چاویان لە تیشکی رووناکمان کوێر بووە بەڵام تیشکی خۆر ناگیرێت .

● دایکان ... گۆرانی خۆشەویستیت بۆ دەڵێن ....

چونکە تۆ مەزنیت ... چونکە تۆ ئازایتو نیشانەی قارەمانێکی کە نەوەکان شانازیت پێوە دەکەن ... مێژوو دەتخاتە ئامێز ...

ئەی سەرکردە ... دڵم پڕە لە خۆشەویستی تۆ ... تۆ هەم سەرکردەیتو هەم باوك ... لە ناخماندا گەورەبوویت ... ئێستاش جادوگەران... لە نەفامی خۆیان نەکەوتوون ...

لەهەر بستێکی ئەم وولاتە راویان دەنێین مادام تۆمان لە پشتە ... ئەی گڵێنەی چاوی هەموومان .

---

* ئەگەر باس بێتە سەر رەوەندۆکو کەرمیانو کوێستانی .. هەڵبەت چڕە دوکەڵی رەشماڵو دەنگو سەدای کاروبەرخان تێکەڵ بە لاوکی دەخاتۆو شێخ محمودو گەنج خەلیلکو ... هتد) دەبێتەوەو لەگەڵ ئەوەلی بەیانیێ لەسەر ترۆپکی شاخە سەرکەشەکانی کوردو دەنگی زێڕینی (کاویس ئاغا)ی بەخۆوە هەندەگرێ .

لە ئێوارەیەکی ئەم ئێورانە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لقی هەولێر کۆڕێکی بۆ ئەم دەنگ خۆشە گەورەیە سازاند کە تیایدا بەڕێز (جلال مەلا حسن خۆشناو) باسێکی تێرو تەسەلی تیا پێشکەش کردو نەدیبی ناسراویش محمود زامدار بە وتەیەکی پڕ لە سۆزی هونەرمەندانە کۆڕەکەی دەست پێکرد . .

بابەتەکە گەلێك شتی بەبەڵگەی خستەروو لە رووی ژیانی (کاویس ئاغا)ی نەمر .. چونکە کاك جەلال راستەوخۆ سوودی لە کوڕو خزمو خوێشی کاویس ئاغا وەرگرتبوو ..

هەڵبەت ئەم زاتە لە دەورو زەمانی خۆیەوە خزمەتی ئەونەتەوەیەی کردووەو دەتوانین لاوکەکانی کاویسی نەمر بە چەند مەسەلەیەکی نەتەوەیی ببەستینەوە وەك شۆڕشی شێخ محمودو سەمکۆی شکاك ... ئەم باسە دووسەعاتی خایاند بەڕێزان عبدالغنی علی یحیی و اسعد عدۆو اسماعیل برزنجی قسەیان دەربارەی بابەتەکە کرد ..

ناظم دلبەند

محمودو گەنج خەلیلکو ... هتد) دەبێتەوەو لەگەڵ ئەوەلی بەیانیێ لەسەر ترۆپکی شاخە سەرکەشەکانی کوردو دەنگی زێڕینی (کاویس ئاغا)ی بەخۆوە هەندەگرێ .

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان لە هەولێر .

کاویس ئاغای نەمر لە نێوان لاوك و رەسەنایەتی دا

لە چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر .

لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان

دەوری گەلی کوردمان لە جەنگی رەواماندا

*** بەچاودێری بەڕێز محمد امین محمد احمد ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوانو لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی وولات بەبۆنەی تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر جەنگی رەواماندا کە رژێمی ئێرانی خوێنڕێژ بەزۆرە ملێ هێناویەتیە سەر گەلی عیراقمان بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر کۆڕێکی سیاسی بۆ مامۆستای تەدیب «حسین رەشوانی» ڕێکخست ...**

لە سەرەتادا بەڕێز (سەردار میران) بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر وتەیەکی خوێندەوە تیایدا دەستنیشانی ئەو رۆژە پیرۆزەی کرد لە مێژووی سەرفرازی گەلی عیراقمان .. هەروەها دەوری ئەم دەزگا رۆشنبیری یانەی کە لەم بوارەوە بە رهەمی خۆیان گەیاندۆتە خەڵك لە رووی هوشیار کردنەوەو بەکاڵاکردنەوەی دوژمنکاری رژێمی خومەینی بەرامبەر بەهەردوو گەلی عیراقو گەلانی ئێران .... ئینجا مامۆستا حسین رەشوانی پێش کەش کرد ..

لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا حسین رەشوانی لەسەرەتادا بە درێژی باسی ئەو پیلانە ناپەسەندە دوژمنداریەی رژێمی ئێرانی کرد بەرامبەر بەگەلی کوردمان لە سەرەتای شۆڕشەکانی (سمکۆی شکاك و قازی محمدی نەمرو هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژی ئەم دوایی یە) ... ئینجا بەرەو مێژووی هاتنە سەر تەختی شاهانەی دووەم کە خومەینیو دارو دەستەکەی رابەرێتی دەکەنو بەگژدا هاتنی نابەسەندانەیان لەکەل گەلی عیراقو گوێ نەگرتنیان لە هیچ عورفو عادات و یاسایەکی دەولەتانو دروشمی نامرۆڤایەتی خۆیان بەرپاکردووەو داوای خوێن رشتنی گەلانی ئێران دەکەن.

ئینجا بەرێزی هاتە سەر دەوری گەلی کوردمان لە قۆناغی ئەمڕۆی جەنگدا کە دەورێکی شەرەفمەندانە دەکێڕنو لە سەنگەرەکانی بێشەوە وەك هەموو ئینسانێکی عیراقی دەجەنگن دژی رژێمی ئاخوندە رەگەزپەرستەکانو شەهید دەبنو ویسامی ئازایەتی وەردەگرن ..

لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانو هاوولاتیان ئامادەبوون ..

لقی هەولێر

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان لە هەولێر .

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە

● لەم رۆژانەدا دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لقی هەولێر کۆڕێکی شیعری ڕێکخست لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر کە تیایدا ئەم شاعیرانە بە شداریان تێدا کرد .. قوباد جەلی زادە .. فەرەیدون عەبدوڵ .. صباح رەنجدەر ... اسماعیل بەرزنجی ..

جەماوەرێکی زۆر لە ئەدەبدۆستان بەشداری ئەم کۆڕەیان کردبوو کە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەك بوو ... لەسەرەتا کاکی ئەدیب محمود زامدار وتەیەکی خوێندەوە ووتی :- ئەم دەزگایەی ئێمە خواستو ئاواتی هەموو نووسەرو ئەدیبێکی کوردە.. جا پێویستە هەموو لایەکمان هەوڵی ئەوە بدەین لەو دەلاقەوە خزمەتی ئەدەبی ئەتەوەکەمان بکەین ..

ناظم دلبەند

لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان

(ژمارە نوێی)

گۆڤاری بەیان

ژمارەی ١١٠ی گۆڤاری بەیان کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیەو لە دەزگاکەمانەوە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێت لەم هەفتەیەدا گەیشتە دەست خوێنەرانی ئازیز .

لەم ژمارەیەدا لە تۆماری جەنگدا : وتاری بەبۆنەی رابووردنی پێنج ساڵ بەسەر جەنگی رەواماندا . هەڵکردنی ئاڵای سەرکەوتن ، کوستاری دەستەجەمی لە ئێرانو چەندان باسی تر بڵاوکراوەتەوە .

لە بابەتەکانی : لێکولینەوە ،چیرۆك ، شیعر بەخشان . رەخنە ، فۆلکلور چەندان باسو بابەتی بەکەڵك بڵاوکراوەتەوە کە زوربەی نووسەرو ئەدیبانمان بەشداریان تیاکردوە لەمانە مامۆستایان سۆران مەحوی، حسین احمد جاف ، مفدید سۆران احمد عبداللە زەرۆ ، حسیب قەرەداخی شێخ امین نەقەشبەندی ، حسین هروری ، د. احسان فواد ، احمد رێبوار ، دوستان ئامیدیو .هتد ..

سەرەرای گۆشەکانی : راپۆرتی رۆشنبیریو یانەی بەیانو دوا وشە کە ئەم جارە برای نووسەر محمودزامدار نووسیویەتی .

تیپی باوڵهی کۆیەو چەند گۆرانیەکی نوێ

دوای ئەوەی کە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بەرەسمی ئیجازەی نێشکردنی پێدرایەوە دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ تۆمارکردنی چەند گۆرانیەك ..

لەم رۆژانەدا هونەرمەند (ظاهر محمد) سەرەکی تیپ بە رۆژنامەی هاوکاری راگەیاندو وتی :- دوای ماوەیەکی زۆر تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە کەوتەوە خۆی و هاتەوە مەیدان بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی بە تایبەت هونەری گۆرانی ئەوە بوو لەم رۆژانەدا (٦) گۆرانیمان ئامادەکرد بۆ تەلەفزیونی تەئمیم کە نیاز وایە لەم رۆژانە دەست بە تۆمارکردنیان بکەین .. ئەمە سەرەڕای بەردەوام بوونمان لەسەر چەند بەرهەمێکی تر.

دەمەوێ لەمەوە روون بکەمەوە کە تیپەکەمان مەودایەکی هونەریتری بەخۆوە هەڵگرتووە ، ئەویش بەپێگەیشتنی گەلێك کەنجی مۆسیقاژەن ، ئەمەش دڵخۆشیەکی ئێجگار خۆشە کە ئەمڕۆ تیپەکەمان بەم شێوە پڕ دەبینرێ .بۆگومان هەموو شتێکیش هەر لەپێناو پێشخستنی هونەری کوردیە ...

لقی هەولێر

لە چلەی شاعیری دەشتی قەراج مەلا خەلیلی موخلص

* لە چوارچێوەی چالاکیەکانی دەزگاکەمان لە هەولێر کۆڕێکی رێکخست بۆ چلەی شاعیری دەشتی قەراج مەلا خەلیلی موخلیس کە کاکی نوسەر جەلال سنجاوی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لەسەر ژیانو کردەوەو کارە ئەدەبیەکانی پێش کەش کرد . . .

باشکرایە کە ئەم شاعیرە چ دەورێکی گێڕاوە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتیو خەڵکی دەشتی قەراج بەتایبەت . .

لە کۆتایی کۆڕەکەدا کۆمەڵێك نوسەری دیار بەشداری گفتوکۆکەیان کرد، دەربارەی ئەم مەلا زانایە . . کە بووە هۆی دەولەمەند کردنی باسەکە . . .

وەرگێرانی لە عەرەبیەوە

نەوزاد عەلی ئەحمەد .

چیرۆك بۆ منداڵان

تەمبەڵ

٧

چیرۆك بۆ منداڵان :

کە تیشکی خۆرهەڵات ، سێ چۆلەکە لەسەر قەراغی پەنجەرە کراوەکە هەڵنیشتبوون سەیری ژوورە وەیان دەکرد ، «گوڵان»ی کچە بچووکیش لەسەر قەرەوێلەیەك خەوتبوو

چۆلەکەی یەکەم بەسەر سوڕمانەوە بانگی کرد : «هەر نووستوە ، ئێستا کاتی چوونە قوتابخانەیەتی» .

چۆلەکەی دووەم گوتی : «پێویستە ئێستا هەڵی ستێنین ؛ ئەگەرنا لە قوتابخانەکەی دوا دەکەوێت»

چۆلەکەی سێیەمیش گوتی : «پێویستە وای لێ بکەین هەڵبستێت هەر سێ چۆلەکەکە گۆرانیەکی خۆشیان گوت ، بەڵام «گوڵان» هەر لە خەودابوو ، هەر سێ چۆلەکە تووڕە بوون ،هاواریان کرد : «ئەو کچە تەمبەڵەمان خۆش ناوێ» .

لەم ساتەدا «گوڵان» خەبەری بۆوە ، چۆلەکەکان پێیان گوت «ئێمە تۆمان خۆش ناوێ» .

«گوڵان» بەسەر سوڕمانەوە گوتی : «بۆچی ؟»

چۆلەکەکان گوتیان : «تۆ کچێکی تەمبەڵی ، لە قوتابخانە دوا کەوتی» «گوڵان»دایە قاقای پێکەنینو گوتی : «ئیمڕو ڕۆژی پشوودانمە ، بۆ قوتابخانە ناچم» .

چۆلەکەکان بەسەر سوڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد ، شەرم دای گرتن لەبەرئەوەی هەڵەیان کردووە ،بەڵام بۆئەوەی بیسەلمێنن کە پەشیمانو پاشگەزن لە هەڵەکەیان ، خۆشترین گۆرانیان بۆ «گوڵان» گوت لەو گورانیانەی لەبەریان بوو .

ـ دایکی سۆلاف ـ

قوتابخانە کرایەوە
هۆش و دڵمان گەشایەوە
جێگای فێربونو زانینە
بەرستگایە لەم زەمینە
مامۆستا باوکی بەرێزە
سوودی بۆ ئێمە بەپێزە
لەگەڵ هاوڕێیان یەك گیانین
هاوبەشی ژینو ژیانین
مەشخەڵی زانین هەڵگرین
تینەکۆشین هەتا ئەمرین
قوتابخانە بەرستگایە
جێ نزرگەی گشت زانایە

شیعر

بۆ منداڵان ..

زانین

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلفاء

تەلەفون
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut Kurde de Paris